Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090206

# نامۆبوونی دەروونی- سیاسی گەنجان

لیا حسن محمد میراودەلی

بەشی پەروەردە و دەروونزانی// کۆلێژی پەروەردە- قەڵادزێ/ / زانکۆی ڕاپەڕین

Article Info

Received:February,2022
Accepted : April,2022
Published :June ,2022

Keywords

نامۆبوونی دەروونی، نامۆبوونی سیاسی، گەنج.

Corresponding Author

Lya.hassan@uor.edu.krd

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ زانینی نامۆبوونی دەروونی-سیاسی لای گەنجانی شاری قەڵادزێ، هەروەها زانینی نامۆبوونی دەروونی- سیاسی لای گەنجانی شاری قەڵادزێ بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ). کە نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٤٧٠) گەنج لەهەردوو ڕەگەز، کە (٢٨٩) نێر و (١٨١) مێ بوون. توێژەر بۆپێوانەکردنی نامۆبوونی دەروونی، پێوەری (علوان:٢٠١٤) ی بەکارهێناوە، وە بۆ پێوانەکردنی نامۆبوونی سیاسی، پێوەری (عبدألله:٢٠١٠) ی بەکارهێنا. توێژەر تایبەتمەندی سایکۆمەتری بۆ هەردوو پێورەکە ئەنجامدا بەجۆرێك ڕاستگۆیی ڕواڵەتی هەریەکێکیان (١٠٠%) بوو، وە جێگریش بۆ هەردوو پێوەرەکە بە ڕێگەی (ئەلفاکرۆنباخ) دەرهات بەجۆرێك کە نامۆبوونی دەروونی (٠,٨٤) و نامۆبوونی سیاسی (٠,٩٦) بوو. پاشان دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخست کە هەریەك لە نامۆبوونی دەروونی- و سیاسی لای گەنجانی شاری قەڵادزێ لە ئاستێکی بەرزدایە، هەروەها هەریەك لە نامۆبوونی دەروونی- و سیاسی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، لە (مێ) دا زیاترن وەك لە (نێر). پاشان توێژەر بۆ هەریەك لە ئەنجامەکانی ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوە و لێکدانەوەی زانستی وردی کردووە بە پێی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

## پێشەکی:

### بەشی یەکەم

**گرفتی توێژینەوە:**

گرفتی توێژینەوەی ئەم باسە تیشک دەخاتەسەر دیاردەیەکی مرۆیی کە (نامۆبوون)ە، ئەویش یەکێکە لەدیاردە دەروونیەکانی ئەم سەردەمەی ئێستا، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەو دۆخ و کات و ساتەی کەتاک تیایدا دەژیت. هەروەها پەرەسەندن و گۆڕانکاریەکانیش پشکی شێریان بەخشیووەتە ئەو گرفتانە، چونکە لەژێر چەتری گۆڕاندا زۆر دیاردە سەر هەڵدەدەن کە چەندان گرفتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە ئەم گرفتانە بەرهەم هێنی چەندان حاڵەت و دیاردەی دەروونین. ئەگەر ئەم دۆخانە بەرهەم هێنی ئەم حاڵەتەبن، کەواتە تاکی کورد، وەبەتایبەتی گەنجان بونەتە قوربانی ئەم دۆخانە و ڕووبەڕووی چەندان گرفتی دەروونی بوونەتەوە کە لەنێویشیاندا نامۆبوونە. چونکە هەموومان دەزانین بەتایبەت لەئێستادا دۆخێکی سیاسی و ئابووری ناهەموار دوای ٣٠ ساڵ لەتەمەنی ڕاپەڕین لەسایەی حوکمڕانی کوردیدا بەرۆکی تاکەکانی گرتووە، کەئەمە وای کردووە بۆشاییەکی زۆر لەنێوان گەنج و دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتدا دروست بێت، لە کاتێکدا گەنجان توێژێکی چالاکی ناو کۆمەڵگان و خۆیان لەهەموو گۆڕانکاری و نوێخوازیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکاندا دەبیننەوە، بەڵام بەداخەوە بەتەواوی سود لە وزە و تواناکانی گەنج وەرنەگیراوە، تەنانەت نەتوانراوە وا لە گەنج بکرێت بە شێوەیەکی عەقڵانی و دڵسۆزانە بەشداری بکات لەکایە جۆر بەجۆرەکانی ژیاندا. گەنجانیش بەحوکمی تەمەن و جۆری ئاوات و چاوەڕوانیەکانیان لەبەشەکەی تری کۆمەڵگە زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەری دۆخەکانەوە، کاتێک کێشەکان کەڵەکە دەبن گەنج بیر لە ڕێکارێک دەکاتەوە بۆ دەربازبوون، لەوانە کۆچ کردن. وە ئەو گەنجانەی دۆخی ئابوری دەبێتە ڕێگر بۆکۆچ کردن ئەوا دووچاری نا ئومێدی دەبن و تەنها بەجەستە لە نیشتماندا دەمێننەوە، کە هەردوو بارەکە (نامۆبوون)ە. لە ژێر ئەم کاریگەری و باس و خواسەدا توێژەر مەبەستیەتی بزانێت ئاخۆ گەنجانی شاری قەڵادزێ توشی نامۆبوونی دەروونی- سیاسی بوون؟ ئەگەر توش بوون لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا لەڕەگەزی (نێر و مێ) دا وەك یەکە؟

**٢.١. گرنگی توێژینەوە:**

گرفتی نامۆبوون یەکێکە لە گرفتە دیارەکان، کە لە نیشانە بەرچاوەکانی بریتیە لە نامۆبوونی مرۆڤ بەخۆی و دەوروبەری، جا ئەم نامۆبوونە دەروونی یاخود کۆمەڵایەتی یانیش سیاسی بێت، کەدواجار دەبێتە هۆی زۆرێک لە شڵەژانە دەروونیەکان لای تاک (عباس:٢٠١٦: ١٤١). وە شتێکی تریش کە لێرەدا دەمانەوێت باسی لێوەبکەین و پەیوەستە بەم پرسەوە ئەوەیە کە نامۆبوونیش دوو دیوی هەیە، دیوێکی پەیوەستە بەڕاستی و هاوسەنگی و دروستی مرۆڤێکەوە کەلەناو کۆمەڵگەیەکی هەڵوەشاو و نا لەباردا نامۆ دەبێت، دیوەکەی تریشی پەیوەستە بە خواری و ناهاوسەنگی مرۆڤێکەوە کەلەناو کۆمەڵگایەکی دروست و لەباردا نامۆدەبێت، کەواتە نامۆبوون مرۆڤی دروست و مرۆڤی خواریش دەگرێتەوەو هەردووکیان هەمان هەستیان هەیە بەڵام لەدیدی جیاوازەوە. هەروەک (نقشبندی) دەڵێت:(( زۆر گرنگە بەرلەوەی نامۆبوون باس بکرێت دەبێت پێشتر باری سەر خان و ژێرخانی کۆمەڵگا شی بکرێتەوە و ژینگەکە بناسرێ و مەرجەکانی بەخودەوە گرێ بدرێت، ئەگەرنا توشی هەڵەی بەکارهێنان دەبین)) (نقشبندی:٢٠٠٢: ٤٤).

گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی بەرجەستە دەکات کە لە ئێستادا قسەو باسێکی زۆر لەئارادایە لەسەر پرسی گەنج و بەشداریان لەکایە جۆربەجۆرەکانی بوارە جیاوازەکانی ژیاندا. باتایبەت پرسی نامۆبوون لەناو گەنجاندا و لە ناو کۆمەڵگەی توێژنەوەکەماندا بابەتێکە بەگشتی کەم خراوەتە بەر باس و خواستی توێژینەوە. دەتوانین بڵێین نەک هەر بەکوردی شتێکی ئەوتۆ لەسەر نامۆبوون نەنوسراوە بەڵکو بەزمانەکانی تریش شتی کەم لەسەر نوسراوە بەبەراورد بە چەمکەکانی تری دەروونی، جگە لە چەن کتێبێکی ژمێردراو لەسەر ئەم مژارە گرنگ و ئاڵۆزە لەنێو کتێبخانەکاندا نادۆزیتەوە. لەبەر ئەوە هەوڵدانێکی زانستی دەگمەنە بەتایبەت لەم دۆخەی ئێستادا و بەهۆی ئەوەی کە نامۆبوون دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی فرە ڕەهەندە لە کۆمەڵگادا و بەتایبەتیش نامۆبوونی دەروونی- سیاسی کە دوو پرس و تەوەری سەرەکی توێژینەوەکەن، وەدراسەکردنی ئەم پرسەش لەلای ئەم توێژە گرنگەی کۆمەڵگە ئەوەندەی تر گرنگی و بایەخی بەخشیوەتە توێژینەوەکە.

**٣.١. ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ زانینی:-

١. پێوانی نامۆبوونی دەروونی لای گەنجانی شاری قەڵادزێ.
٢. پێوانی نامۆبوونی سیاسی لای گەنجانی شاری قەڵادزێ.
٣. زانینی نامۆبوونی دەروونی لای گەنجانی شاری قەڵادزێ بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ).
٤. زانینی نامۆبوونی سیاسی لای گەنجانی شاری قەڵادزێ بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ).

**٤.١. سنوری توێژینەوە:**

سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە گەنجانی سەنتەری شاری قەڵادزێ، لەهەردوو ڕەگەز بۆساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١).

**٥.١. ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە:**

**١.٥.١. نامۆبوون Alienation:**

**پێناسەی (عقلي:٢٠٠٤):**

"لەدەستدانی متمانەیە کە لەئاکامدا دەبێتە هۆی نامۆبوون، ولەدەستدانی لایەنگری(الانتماء)، و پاشەکشێ و پابەند نەبوون، و بێ باکی و کەم تەرخەمی و کەنار گیری و گوێ پێنەدان"(العید، وخان:٢٠١٧: ٣١٥).

٢.٥.١. نامۆبوونی دەروونی(Psychological Alienation):

پێناسەی (Paik & Michael:2002):

" هەست کردنی تاکە بە دابڕان لە دەوروبەر یان لە خود یان لە هەردووکیان" (نعیسة:٢٠١٢: ١٢٠).

پێناسەی تیۆری توێژەر:

هەستکردنی تاکە بە دابڕان و پچڕانی لەخود، وە لەکۆمەڵگا، وجیهانی بابەتیانە، یان لەنێوان خود و دەرون وەیان خودو لایەنەکانی تر وە لەدەستدانی هەستی لایەنگری(الانتماء)ە.

پێناسەی کرداری نامۆبوونی دەروونی:

بریتیە لەو نمرەیەی کە وڵامدەر لە ئەنجامی وڵامدانەوەی بڕگەکانی ئەو پێوەرەی کە بە مەبەستی پێوانە کردنی نامۆبوونی دەروونی بەکار هاتووە بەدەستی دەهێنێت.

٣.٥.١. نامۆبوونی سیاسی Political Alienation:

پێناسەی (الرواشدة: ٢٠١١)

"حاڵەتێکە کە تیایدا تاك هەست بە بێ توانایی دەکات لە بەشداری کردنی کار و باری سیاسی وەناتوانێت خۆی سەرقال بکات بە سەرجەم ئەو گۆڕانکاریە سیاسیانەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی ڕوودەدەن بە بێ مەبەست، وەسەرجەم ئەو پەرەسەندنە تەکنەلۆجیانەی کەبەخێرایی ڕوودەدەن لەسیاسەتدا ناتوانێت ڕووبەڕوویان ببێتەوەو بەبێ ئاگایی و بێ ویستی خۆی ڕوو دەدات و هەست دەکات بێ توانایە(الرواشدة:٢٠١١: ٢٦٧).

پێناسەی تیۆری توێژەر:

نەمانی لایەنگری تاک، وەهەست کردن بەبێ هێزی لەبەرامبەر گۆڕانکاری، نەمانی متمانە بەدامەزراوەو بەرپرسانی سیاسی لەسایەی حوکمڕانی و دەسەڵاتی گەندەڵدا.

پێناسەی کرداری نامۆبوونی سیاسی:

بریتیە لەو نمرەیەی کە وڵامدەر لە ئەنجامی وڵامدانەوەی بڕگەکانی ئەو پێوەرەی کە بە مەبەستی پێوانە کردنی نامۆبوونی سیاسی بەکار هاتووە بەدەستی دەهێنێت.

٤.٥.١.گەنج

پێناسەی (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO:٢٠٠٠):

بەو کەسانە دەوترێت کە تەمەنیان لە نێوان (١٥- ٢٤) ساڵانە (تەلعەت:٢٠٠٦: ١٣).

پێناسەی (قەرەنی:٢٠١٩):

لەڕووی فسیۆلۆجییەوە گەنج بریتییە لە پێگەیشتنی جەستە و ئەندامەکانی لەشی و گەشە سەندنی هزر و ئایدۆلۆژیا و مەعنەویەتی ئەو مرۆڤە لەو تەمەنەدا کە ڕێژەیەکی زۆر لە وزەی کۆکراوە لە ناواخنیدا بۆ دروست دەبێت کە دەتوانێت کاری زۆر ئەنجام بدات (قەرەنی:٢٠١٩: ١٥).

چوارچێوە تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

یەکەم: چوارچێوەی تیۆری

١.٢. زاراوەی نامۆبوون

نامۆبوون لەڕووی زمانەوانیەوە بەمانای (دوورکەوتنەوە و نەفی بوون) هەروەها بەواتای (نامۆیی و جیابوونەوە) دێت(الحامدی: ٢٠٠٣: ٤). لە فەرهەنگی ئینگلیزیدا زاراوەی نامۆیی "Alienation" لە ئاوەڵناوی "Alien" هاتووە، کە بەمانای نەناسراو یان بێگانە یاخود سەرپێچیکار یان گۆڕاو دێت، بەڵام کاری "Alienate" بەمانای دوورکەوتنەوە یاخود هاورێیەتی لەدەست دەدات دێت(المحمدی:٢٠٠١: ٢٨). واتەگەر بەشێوەیەکی حەرفی وەری بگێڕین بەمانای دوورکەوتنەوە یاخود دووری لەکۆمەڵگا دێت. هەروەها بنچینە لاتینیەکەی بریتیە لە "Alienation" کەبەمانای گواستنەوەی شتێک دێت بۆ کەسێکی تر کەدەبێتە خاوەنی (قادر:٢٠١١: ١٢). وە لەزمانی فەڕەنسیشدا نامۆیی هەر"Alienation" بەکاردێت، کە ئەویش لە وشە لاتینییەکە وەرگیراوە (معروف:٢٠٠٣: ٧٤). لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی نامۆیی ئائێستاشی لەگەڵدابێت جێگیر نییەو چەندەها زاراوەی تری بۆ بەکاردێت وەکو (التغریب، التغرب، الإستلاب، الألینة، الإنسلاخ)، بەڵام زیاتر (غربة، الإغتراب) بەکاردێت، کە هەموویان زیاتر بە مەبەستی (دوورە وڵاتی، دوورخستنەوە، دووری، وەلانان) دێن (المولد:٢٠٠٧: ١٣)

لەزمانی کوردیشدا وشەی نامۆبوون وەکو زاراوەیەکی داتاشراو بۆ فۆرمی Alienation لەزمانی ئینگلزیدا کە بەرامبەرە بە وشەی (الأغتراب)ی عەرەبی، کە بامانای نامۆبوون یاخود نادەستەمۆبوون دێت، هەروەها دەکرێت وشەی هاڤی بوون لەجیاتی نامۆیی بەکاربێت چونکە هاڤی واتە جێمانەوە و گیرۆبوون یان تێکەڵ نەبوون لەگەڵ دەووروبەر(نقشبندی:٢٠٠٢: ٤٥). هەروەها فەرهەنگە کوردیەکانیش ئاماژەیان بەم زاراوەیە کردووە و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆی کردووە. لەوانەش فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە"ی هەژاری موکریانی کە مانای بێئاگایی لەبەرامبەر ووشەی نامۆیی داناوە (موکریانی: ١٩٧٠ز،١٣٤٩: ٨٥٧).

٢.٢. کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی چەمکی نامۆبوون:

لەبنەڕەتدا چەمکی نامۆبوون چەمکێکی نوێ نیە، نامۆبوون وەک کێشەیەک کۆنە بەکۆنی مرۆڤایەتی کە لەهەموو سەردەمێکدا هەبووە و ڕووبەڕووی ژیانی مرۆڤ بووەتەوە، واتە هەرلەو کاتەوەی مرۆڤ بوونی هەبووە ئەم دیاردەیەش هەبووە جا لەهەر دۆخ و سەردەم و چاخیکدا بووبێت. بەڵام دەتوانین بڵێین کۆنترین بەکارهێنان بۆ ووشەی نامۆبوون دەگەڕێتەوە بۆ لاهوتی پرۆتستانتی، و لۆتەرو کالڤن و تەنانەت دوورتریش لەوان (عباس:٢٠١٦: ٣١). کە نامۆبوون بەمانا لاهوتیە پرۆتستانیەکەی " دابڕان و جیابوونەوەی مرۆڤ لەخوا بەهۆکاری کەوتنە ناو هەڵەوە"(الحامدی: ٢٠٠٣: ٤). ئەم بۆ چوونە باسی دەرچوونی مرۆڤ لەبەهەشت و ناردن و جێگربوونی لەسەر ڕووی زەوی بەهۆی خواردنی حەرام کراو دەکات، کەئەم جۆرە تێگەیشتنە لەبروای ئاینی مەسیحیشدا لەئاستێکی بەرزدا برەوی پێدرا. لە ئاینی ئیسلامیشدا سەرەڕای چیرۆکی نامۆبوونی حەزرەتی ئادەم لەخواو دەرکردنی لەبەهەشت ، ئەوا نامۆبوون نامۆبوونە لەژیانی کۆمەڵایەتی نارەسەن و سیستمێکی کۆمەڵایەتی نادادپەروەری (عبدالله: ٢٠١٠: ١١). هەندێک لە مێژوو نوسان سەرەتای نامۆیی دەگەڕێننەوە بۆ ساتە وەختی کوشتنی هابیل لەسەر دەستی قابیلی برای لە پێناو بەدەستهێنانی خوشکەکەیاندا (محمود:٢٠٠١: ١٨٠). هەروەها دەتوانین بەدوای ڕەگ و ڕیشەی نامۆییدا بگەڕێین لە تێبینیەکانی فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆنانی وەکو (سوقرات و ئەفلاتۆن و ئۆگستین و مارتن لۆسەر). دەبینین "سوقرات" سەرەڕای ناوداریەکەی، بەڵام بەهۆی ئەوەی شێوەی لەشی بەگشتی و ڕوخساری بەتایبەتی ناشرین و سەیر بووە لەناو منداڵان و هاوڕێکانی گاڵتەی پێکراوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لەناو خۆیدا توشی ململانێ و بێزاری ببێت، کە دواتر لە ڕەفتارەکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە (المحمدی:٢٠٠١: ١٥). لە نوسینەکانی ئەفلاتونیشدا بەتایبەت لە کتێبی "کۆمار" کە لەساڵی ٣٩١ پ.ز نوسراوە کاتێک لەبارەی جیهانێکی نمونەییەوە دواوە، پێی وابووە بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ، بوونیەتی لە جیهانێکی نمونەیی و ڕەهادا، نەک بوونێتییەکی ساختە لەسەر ڕووی زەوی. هەربۆیەش ئەو جۆرە بوونێتییەی بەجۆرێک لە جیابوونەوەی نێوان مرۆڤ و بونێتییە ڕاستەقینەکەی هەژمار کردووە، بەواتای جیابوونەوەی مرۆڤ لە جەوهەرەکەی (زکریا:١٩٨٧: ٤٣٣). بەڵام وەک بابەتێک کە خرابێتە بەر باس و خواست لەو ڕووەوە هیگڵ ١٧٧٠- ١٨٣١ بەیەکەم کەس دادەنرێت کە ئەم زاراوەیەی زۆر بەکار هێناوە لە کتێبی یەکەمی "دیاردە گەرایی هزری گشتی" کەلەساڵی ١٨٠٧ دەرچووە. سەرەڕای ئەوەی هیگڵ لە نوسینە بەراییەکانیدا ئاماژەی داوە بەوەی ئایین هۆکاری نامۆبوونی مرۆڤە لە جەوهەری حەقیقی خۆی، بەڵام ئەم بیرۆکەیە لەلای فیۆرباخ ١٨٠٤- ١٨٧٢ گەیشتە چڵەپۆپەو پێی وابووە مرۆڤ بۆیە نامۆ دەبێت لەخۆی، لەبەرئەوەی خۆی خستووەتە ژێر ڕکێفی شتهایەکی داهێنراو لەلایەن خۆیەوە، کە بەدیدی ئەو ئایین یەکێکە لەو داهێنراوانەو مرۆڤ لەخۆی نامۆ دەکات (عبدألله:٢٠١٠: ١٥). وەپێشی وابووە نامۆبوونی ئاینی پەیووەستە بە نامۆبوونی سیاسییەوە، بەتایبەتیش کاتێک هاوڵاتییەکی چەوساوەی ژێر چەپۆکی دەوڵەت پەنا بۆ جیهانێکی فراوانی میتافیزیکی دەبات، کەلە خەیاڵدانی خۆیدا وێنای کردووە. بۆیەش سەرچاوەی هەستکردن بەنامۆبوون بەلای ئەم فەیلەسوفەوە سیستمی ئاینییە، کەبنەمای هەموو جۆرەکانی دیکەی نامۆبوونە. پێشیوایە کاتێک مرۆڤ لەنامۆبوون ڕزگاری دەبێت، کە مەعریفەی زانستی شوێنی ئایین و شوێنی ئینجیل بگرنەوە (نقشبەندی:٢٠٠٢: ١٧). بەڵام دەربارەی بنچینەی دەروونی بۆ نامۆبوون دەگەڕێینەوە بۆ نوسینەکانی (فرۆید و هۆڕنای و فرۆم و ئەریکسۆن و...هتد)(الحامدي: ٢٠٠٣: ٤).

٣.٢. چەمکی نامۆبوون

نامۆبوون ونکردنی ناسنامەی خودە بەرامبەر بە بابەت، یان هاوکات پێکەوە ژیانی دوو ناسنامەی جیاوازە لەیەک ڕووبەڕدا بێ ئەوەی ئەم دوو جیاوازییە یاسایەکی دیالێکتی بەخۆوە بگرێت. هەردووکیشیان لەلایەن ناکۆکیەکان و جەمسەری هێزەکانی بابەتەوە فرێ دەدرێنە ناو خود (صبحی:١٩٩٢: ١٢٧). هەروەها نامۆیی بریتیە لە دۆخێکی سایکۆ کۆمەڵایەتی کە لەکات و شوێنی نادیاردا دووچاری بونەوەر دەبێت و بەهۆی ئەوەوە هەست بە نامۆیی و دووری و ئاوارەیی دەکات (ئاغۆک:٢٠٠٣: ١٦). بەم پێیە نامۆیی دیاردەیەکە هەردوو لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی تێدا دەگێڕن. وە زۆر جاریش نامۆیی دوورکەوتنەوەی تاکە لە خودی خۆی هەندێ جاریش لە کۆمەڵگەو ڕەتکردنەوەی پێوەرەکانی ئەو کۆمەڵگەیە. وە نامۆبوون دەرهاویشتەی ئەو هەموو ناشێی و ناجۆریانەی کۆمەڵگایە کەتاک بەرگەیان ناگرێت و ناشزانێت چۆن خۆی لێ ڕزگاربکات، بۆیە بەدوای جیهانێکی تردا وێڵ دەبێت کە خۆی تیایا دەبێتە بەڕێوەبەرو سەرکردەی، چونکە توانای گۆڕینی واقعی کۆمەڵگەی نیە، لەبەرئەوە جیهانە خەیاڵیەکە دەکاتە جێگرەوەی، کە زۆر جار لەو ئاستەش قولتر دەبێتەوە و دەگاتە ڕاددەی نواندنی دژە کردار، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە توندو تیژی و توندڕەوی دەرهاویشتەی نامۆبوونەو قۆناغی دوای ئەوە. هەر لەم بارەیەشەوە "کینستۆن" دەڵێت نامۆبوون: ڕەتکردنەوەی بەها باوەکانی کۆمەڵگەیەو پاشەکشە کردن لێی و توندڕەوی کردن و یاخی بوونە بەرامبەریان (عباس:٢٠١٦: ٣٣). وە دەتوانین بڵێین نامۆیی دیاردەیەکە لەهەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، بەڵام لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بەهۆی جیاوازیان لە پیشەو ئاستی خوێندن و ئەو پاڵەپەستۆ دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووریانەی کەتاک تیایا دەژیت، هەروەها دەوەستێتە سەر پێکهاتەی بایۆلۆژی و دەروونی و تەندروستی دەروونی تاک (الزعبی:٢٠٠٢: ٤٣٦). هەروەها نامۆبوون خەفەکردن و کپردنی شارەزاییەکانی تاکە، کەوادەکات لەبوونە ڕاستەقینەکەی خۆی نامۆبێت ، ئەم نامۆییەش زیاد دەکات بە زیاد بوونی خەفەکردنەکەو، لەم ڕێگایەشەوە وادەکات دەروونی کەسەکە باوەڕ بەوە بکات کە کەسێکی ترە (مصطفی:٢٠٠٢: ١٦). یاخود نامۆیی بریتیە لەوەی کە مرۆڤ لە ژینگەیەکەوە هەڵکەنرێ بۆ ژینگەیەکی تر، بەجۆرێک سەرەڕای ئەوەش پەیووەندیەکی ڕۆحی لەناخی ئەوتاکەدا لە(ئەوێ) سەبارەت بەزێد و ئازیزانی بێت (پێنجوێنی:٢٠٠٠: ٥١). لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە "ڕۆسۆ" دەڵێت: (نامۆبوون دابڕانی خودە لە جەوهەری کۆمەڵایەتی، ئەمەش دەرئەنجامی نەفی بوونی ئاگایی تاک بە ڕاستی "بوون و وجودی" وە دەستەمۆبوون و هاتنەخوارەوەی لەمافی خۆی لەسەرکردایەتی کردنی خود بۆ دەورووبەر، واتە تەنازول کردنی تاکە لە سەربەخۆیی و یەکانگری لەگەڵ جەوهەری کۆمەڵایەتی). وەلەڕووی دەروونیشەوە "ئەریک فرۆم" دەڵێت: (نامۆبوون شکست هێنانە لەکارلێکی نێوان هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان) (الحامدي: ٢٠٠٣: ٤).

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ناتوانین پێناسێکی نەگۆڕ و دیاری کراو بۆ چەمکێکی فراوانی وەک نامۆبوون دەست نیشان بکەین، چونکە ئەم چەمکە زۆر فراوان و فرە ڕەهەندە، وەهەر تێڕوانینێک بەهەند وەرگرین دەبێتە فەرامۆشکردنی تێڕوانین و لایەنێکی تر، لەبەر ئەوە پەنامان بردووە بۆ پێناسی جیاواز و ڕوانگەی جیاواز.

### ٤.٢. جۆرەکانی نامۆیی

دیاردەی نامۆیی زۆر جۆری هەیە، بەڵام ئەوەی کە زۆرتر باوە و شارەزایان و تایبەتمەندانی بوارەکان لەسەری کۆکن ئەمانەی خوارەوەن:-

١. نامۆبوونی خودی (دەروونی).
٢. نامۆبوونی کۆمەڵایەتی.
٣. نامۆبوونی ئاینی.
٤. نامۆبوونی سیاسی.
٥. نامۆبوونی رۆشنبیری. (العروقي:٢٠١٥: ٢٢).

### ٥.٢. هۆکارەکانی نامۆبوون:-

بەر لە هەرشتێک دەبێت ئەوە بزانین و دان بەو ڕاستیەدا بنێین کە سەرەتاو دەستپێکی هەر نامۆبوونێک مرۆڤەکە خۆیەتی، ئەویش دوای ئەوەی درک بە نەگونجان دەکات لەگەڵ دەوروبەرو واقیعە کۆمەڵایەتیەکەی، بۆیە بەناچاری خۆی دەداتە دەستی نامۆبوون. وە گرنگترین هۆکارەکانی نامۆبوون بریتین لە:-

١. ونبوونی بەها ئاینی و مرۆڤایەتییەکان لەژیانی هەرزەکاران و لاواندا.
٢. بوونی بۆشاییەک لەنێوان ڕۆشنبیری هەرزەکارو لاوان، لەگەڵ ڕۆشنبیری گەورەکانی دەوروبەریاندا.
٣. داڕشتنی شێوازی ژیانی هەرزەکاران و لاوان لەلایەن کەسانی ترەوە، واتە تاک چارەنوس و ئایندەی خۆی بەدەستی خۆی دیاری نەکات، بەڵکو لەسەر ئەو پرۆگرامە بڕوات کەلەلایەن گەورەکانەوە بۆی دانراوە.
٤. نەبوونی هیچ ئامانجێک لای تاک، کەبیکاتە خاڵی بەردەوامی لەژیاندا.
٥. شەڕی بەردەوام و ڕاپەڕین و کوشتن و برین بەهۆی نالەباری بارودۆخی کۆمەڵگە لەڕووی سیاسییەوە. ئەوکۆمەڵگایانەی کە حزبێک بەهێزو ترس و تۆقاندن و سەرکوتکردن دەسەڵاتی گرتووەتە دەست و هەموو بیرو باوەڕێکی تر ڕەت دەکاتەوە، لەبارترین ژینگەیە بۆ چاندنی تۆوی نامۆبوون.
٦. تێگەیشتن و نەناسینی تاک بۆ خودی خۆی، کە زۆجار تاک خودی خۆی بەباشی ناناسێت یان بەهەڵە تێی دەگات و بەچاوێکی بەرز سەیری کەسایەتی خۆی ناکات، بەڵکو بەشێوەیەک سەیری خۆی دەکات کە هیچی لەباردا نییەو هیچی لەدەست نایەت، ئەمەش وادەکات لەگەڵ خودی خۆی نەگونجێت و باوەڕی بەخۆی نەبێت (عمر:٢٠١١: ٤٨-٤٩).

### ٦.٢. ڕەهەندەکانی نامۆبوون:

گرنگترین و دیارترین ڕەهەندەکانی نامۆبوون ئەمانەن:-

١. دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتی: مەبەست لێی هەست کردنی تاکە بەتەنیایی و بۆشایی دەروونی و لەدەستدانی ئاسایش و پەیووەندیە کۆمەڵایەتیە پتەوەکانە، وە دوورکەوتنەوەیە لەدەوروبەر هەرچەن لەگەڵیشیاندا بژیت، هەروەها ئەم هەستی نامۆبوونەیان لەدەستدانی کۆمەڵایەتی و نامۆیی لەئامانجە ڕۆشنبیریەکانی کۆمەڵگەی لەگەڵدایە، هەروەها پچڕان لەنێوان ئامانجەکانی تاک و بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە (عباس:٢٠١٦: ٤٤).
٢. لەدەستدانی مانا: مەبەست لە نامۆبوون لێرەدا "تاکی نامۆ ژیان بەجۆرێک دەبینێت کە هیچ مانایەکی نیە، وەبە ڕێڕەوێکی لۆژیکی ناعەقڵانیدا دەڕوات، پاشانیش هەست دەکات ژیان گێژاوێکی بێ فایدەیە، لەبەرئەوە واقعیەتی خۆی لەدەست دەدات و دوور لە هەست و بەکەمتەرخەمی و گرنگی پێنەدان و لەبۆشاییدا دەژیت" (عید:٢٠٠٥: ٢٥٠).
٣. بێ پێوەری: مەبەست لێی " پچڕان لەنێوان خودبوون و بابەتی بوونە، بەجۆرێک ئامانج و مەبەستی تاک لە ئامانج و مەبەستەکانی کۆمەڵگە جیا دەبێتەوە، ئامانج لای تاک دەبێتە هۆکارو وەسیلە" (عبد السميع:٢٠٠٧: ٢٦).
٤. لەدەستدانی کۆنترۆڵ: لێرەدا نامۆبوون "ئاماژە بۆهەستی تاک دەکات بەوەی کە ناتوانێت کاریگەری لەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتیانەدا هەبێت کەکارلێکی لەگەڵ دەکات، کەسە نامۆکە ناتوانێت چارەنوسی دیاربخات یان کاریگەری هەبیت لەڕووداوە گەورەکان یان خاوەنی بڕیارە گرنگەکانی بێت کەژیان و چارەنوسی دیاری دەکەن بەمەش بێزار دەبێت لە خودی خۆی" (قادر:٢٠١١: ٥٠).
٥. یاخی بوون: مەبەست لە نامۆبوون لێرەدا " هەست کردنی تاکە بە دوورکەوتنەوە لە واقع و هەوڵدانیەتی بۆ دەرچوون لەهەموو شتە باوو دیارەکان، وە نەچوونە ژێرباری بەها و پێوەرە باڵاکان، وە ڕەت کردنەوەو رق لێبوونەوەو دژایەتی بۆهەر بەهاو پێوەرێکی دەوروبەری هەیە، وە یاخووبوونەکەشی لەدژی خۆی یان سەرجەم ڕێکخراوو دامو دەزگاکانی کۆمەڵەکەیەتی یاخود دژی هەموو بابەت و ڕوانگەیەکە" (العروقي:٢٠١٥: ٢٥).
٦. دوورکەوتنەوە لەخود: نامۆبوون لێرەدا ئاماژەیە بۆ "بێ توانایی هەستی تاک لەبەدیهێنانی چالاکییە خودیەکانی، واتە پەیووەندی لەگەڵ بوونە ڕاستەقینەکەیدا دەپچڕێت و بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە کاڵا" (قادر:٢٠١١: ٥٢).
٧. دوورکەوتنەوە لە شارستانیەت: نامۆبوون لێرەدا ئەوەیە "کاتێک کەسێک بەدەست ململانێوە دەناڵێنێت لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگە، بۆنموونە یاخی بوونی هەندێک لەلاوان و بەشێک لە ڕۆشنبیران بەرامبەر کۆمەڵگەو دامەزراوەو ڕێکخراوەکانی" (حامدي:٢٠١٥: ٢٨).

٧.٢. نامۆبوونی دەروونی:

مەبەست لەم باسەدا باسکردنی بابەتی نامۆییە لەڕووی دەروونییەوە، بە خستنە رووی هەندێک لە ووتەو نوسینی زانایانی بواری دەروونزانی.

نزیکترین شێوە لە شێوەکانی بواری دەروونزانی (نامۆبوونی خودی) یە، کە ئەمەش لە دوو باردا خۆی دەنوێنێت:

١- نامۆبوونی گشتی: وەکو نەخۆشیە هزریەکان، لێرەدا تاک بەشێوەیەکی گشتی نامۆیە لە خودی خۆی، بەجۆرێک کە ناتوانێت کەسایەتی خۆی دیار بخات.

٢- نامۆبوونی بەشی: لەم بارەدا تاک هۆشیارە لەئاست خودی خۆی و دەتوانێت خودی دیار بخات (سلیم: ٢٠١٣: ١٦).

بەشیوەیەکی گشتی زانایانی بواری دەروونی سودیان لە ناوەرۆکی نوسراو و ئەو کارە هونەری و ئەدەبیانەی کە هونەرمەندان و ڕووناکبیران دەیان نوسین بینیوە بۆ خزانە ناو باسی نامۆ بوونەوە. هەروەک ئەوەی نامۆبوون ببووە پرس و بابەتێکی سەرەکی ناو زۆرێک لە نوسینەکانی ئەوان و بابەتی سەرەکی توێژینەوە کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆژی و فەلسەفیەکان. لەبەرئەوەی کارەکتەری زۆرێک لە کارە هونەری و ئەدەبیەکان کەسانێکیان لەخۆ دەگرت کە ڕواڵەتەکانی نامۆبوون لە کەسانی دەوروبەریان، هاوکات لەخودی خۆیان و هەست و سۆزیاندا بەدی دەکرا، ئەمەش بەهۆی ئازار چەشتن لە تەنیایی و لاوازی دروست کردنی پەیووەندی لەگەڵ کەسانی تردا. هاوکات ونکردنی ناسنامەی خودی خولیایی بۆ ژیان مادام توانای دەرکردنی هیچ بڕیارێکی نیە، لە حاڵەتێکی ناواقعی و بێزاریش لە خوددا دەژیت( عبدالله: ٢٠١٠: ٢٣).

٨.٢. تیۆرەکانی نامۆبوونی دەروونی:

لێرەدا چەند بیردۆزێک دەخەینەڕوو بۆ شیکردنەوەی نامۆبوون:-

١.٨.٢. بیردۆزی شیکاری دەروونی:

فرۆید پێی وایە نامۆبوون ئاکامی جیابوونەوەی ئاگاییە (الشعور) لەنەست (لاشعور) و ئەوکاتەش کەسەکە لەژێر کاریگەری ئارەزووە خەفەکراوەکانیدا ڕەفتارەدەکات (ئەمە لەچوار چێوەی تاکایەتی خۆیدا)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی فرۆید پێی وایە نامۆبوون لەئەنجامی ململانێی نێوان خود و پەستان و ڕێککاری (ضوابط) یەکانی شارەوە دروست دەبێت، کەوا لەتاک دەکات هەست بە بێزاری و ڕاڕایی بکات، کاتێک توشی ئاڵۆزییەکانی شارستانیەت و ڕێککارییە جۆر بەجۆرەکانی دەبێتەوە، کە دەبنە بەربەستێک لەبەردەم تێرکردنی ویست و ئارەزووەکانی، کە سەرەنجام وا لەتاک دەکات ئەم ویست و ئارەزووانە لەناخیدا خەفە بکات (نعیسە: ٢٠١٢: ١٢٨). فرۆید لێرەدا نامۆبوون دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کۆت و بەندەی کە یاساو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دروستی دەکەن لەبەردەم ویست و خواستە بایۆلۆژی و غەریزەییەکان (ئەو)ی مرۆڤ کە دامەزراوە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان لەناو کۆمەڵگە دروستی دەکەن و دەیسەپێنن بەسەر تاکدا و نایێ تاک لێیان لادات، تاکیش بۆئەوەی لەگەڵ ئەو شارستانیەتەدا بێتەوە کە تیایدا هاوبەشە لەگەڵ ئاوانی تر وە بەدیلێکیشی نیە ناچار (من) دەکەوێتە ململانێ لەنێوان داواکاری و خواستەکانی(ئەو) و ڕێککاری و خواستەکانی کۆمەڵگە(منی باڵا)، ئەم ململانێیەش توشی دەمارگیری دەکات و ئارەزووە شاراوەکانی لەئاست پێشکەوتنی شارستانیەتدا شاراوەتر دەکات و کەسێکی گۆشەگیر و ناتەباو ئاڵۆز دەخوڵقێنێت و دووره پەرێز دەبێت لەبەشداری کردن لە کایە جۆراو جۆرەکانی ژیان (عبدالله: ٢٠١٠: ٢٣).

هەرچی ئەریکسۆنە وا دەبینێ نامۆیی هەستکردنە بە جێگر نەبوونی ناسنامە، یان ئەوەی کە ناودەبرێت بە قەیرانی شوناس، وە بەشێوەیەکی وا سەیری دەکات کە قەیرانێکی سەرەکیە هەرزەکار پیایدا تێپەڕ دەبێت، کە لەقۆناغی منداڵی و پشت بەستن بەدەوروبەرەوە پێ دەنێتە قۆناغی گەورەبوون و سەربەخۆیی.واتە لەلای ئەریکسۆن نامۆبوون ونکردنی ناسنامەیە لای هەرزەکار (یوسف: ٢٠١٤: ٦١).

٢.٨.٢. بیردۆزی ڕەفتاری:

بەپێی ئەم بیردۆزە تاک هەست بە نامۆبوون لەخود دەکات کاتێک بەبێ بۆچوون و بەبێ بیرێکی دیاری کراو گوێ ڕایەڵ و تێکەڵی دەوروبەری دەبێت تاوەکو پەیووەندی لەگەڵیان لەدەست نەدات، لەبری ئەوە پەیووەندی لەگەڵ خود لەدەست دەدات (صنعانی: ٢٠٠٩: ٤٨). هەروەها ڕەفتاریەکان پێیان وایە کە نامۆبوونی دەروونی بەشێک لەرەگەزەکانی دەرهاویشتەی ژینگەی دەرەکیەو بەشێکیشی لە جیهانی بەهاو ویژدانە (فاکتەرە خودیەکان)، جگە لەوەش چارەسەر کردنی هەر تاکێک کەبەدەست گرفتێکی دیاری کراوی وەک خەمۆکی یاخود دڵەڕاوکێ یاخود هەر حاڵەتێکی تر دەناڵێنێت دەکرێت لەرێگەی فێرکردنی شێوازی نوێی ڕەفتارەوە بێت، هەروەها دەکرێت ڕێگای نویی بیرکردنەوەو چارەسەری گرفتەکانی فێربکەین وەدەتوانین هاوکاری بکەین لە گۆڕینی پێشبینیە کۆنەکانی کە پێشتر هەیبووە لەسەر هەندیک لە ئامانجەکانی( نعیسە: ٢٠١٢: ١٢٨).

٣.٨.٢. بیردۆزی مرۆیی:

بیرمەندانی بیردۆزەی مرۆیی لە ناویشیاندا "ڕۆجرز " پێی وایە کە هەر تاکێک ڕاستیەکی هەیە کە شارەزاییەکەی بەشێوەیەکی تاک و بێ هاوتایە، وە ڕەفتاریش لەدەرئەنجامی ڕووداوە پەی پێبراوەکانەوە لەڕووی چەندێتی و چۆنێتیەوە هەژمار دەکرێن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەر مرۆڤێک لە واقعدا شارەزاتر و لێهاتووترە بەدەروونی خۆی وە باشترین زانیاری لایە لەسەر خودی خۆی، کە پێی وایە نامۆبوون کاتێک ڕوودەدات کە تاک ناتوانێت بڕیارەکانی ئازادانە هەڵبژێرێت بەهۆی ئەو کۆت و بەربەستە سەپێنراوانەی سەری لەلایەن دەروروبەریەوە، لەبەرئەوە ئەوکاتە تاک ناتوانێت وەک ئەوەی پێویستە لەخودی خۆی تێبگات، لەپاشان ناتوانێت خود بەدی بهێنێت و تێگەیشتنێکی نەرێنی خودی لەلا گەڵاڵە دەبێت، هەروەها ڕۆجەرز باس لەوەدەکات کە نامۆبوون کاتێک ڕوودەدات کە بوونەوەر ڕێگری لە بەشێک لەشارەزاییە هەستی و ناوەکیەکانی مانادار بە گەیشتن بە پلەی ئاگایی دەکرێت، ئەمەش دەبێتەهۆی چەق بەستن و ئاڵوگۆڕ نەکردنی ئەو شارەزاییانە بۆ وێنەی هێمایی خود، هەروەها دەبێتە هۆی نارێکی لە دووبارە بونیات نانەوەی خود (محمود: ٢٠٠١: ٢١).

٩.٢. نامۆبوونی سیاسی:

لەراپۆرتێکی ساڵی ١٩٦٠دا نامۆبوونی سیاسی وەها تاوتوێ کراوە، کە هەر گوزارشت نیە لە بێتوانایی و خەمساردی و کەمتەرخەمی، بەڵکو گوزارشتە لە بڵاو بوونەوە و تەشەنە کردنی بێزاری ئەوانەی کە بێ دەسەڵاتن. ئەگەر نامۆبوونی سیاسیش هەروەک ئەوەی (Lane) پێی وایە ئاماژەیە بۆ هەستکردنی کەسێک بە دوورکەوتنەوە لە سیاسەت و حکومەت و کۆمەڵگاکەی تارادەدەی پتر لە خەمساردی و ڕەتکردنەوە، ئەوا دەربڕی بێ متمانەیی تاکەکانە بەرامبەر ڕەفتاری سیاسی، کە لە ئاوها حاڵەتیکدا پێیان وایە بەشداری کردنی سیاسی بێ ئاکامەو کاریگەری بەسەر کۆمەڵگاوە نیە(ئەحمەد و سەرکەپکانی: ٢٠٠٧: ٤١- ٤٢).

هەرلەبارەی نامۆبوونی سیاسیەوە (کنستۆن) ئاماژە بەوە دەدات، کە ڕەتکردنەوەی بەها باوەکان و ڕۆڵ و ڕێکخستنە هەمەجۆرەکان، ئاماژەیەکی گشتین لەنێو کەسانێکی نامۆی سیاسی، هەروەک ئەوەی هەستکردن بە دابڕانی سیاسی لەنێو ئەوانەدا بەدیاردەکەوێت کە ئینتیمایان بۆ کلتوری ڕەسەنی کۆمەڵگا نیە، بەڵکو هەڵگری کلتورێکی دیکەی دژ بە کلتوری ڕەسەنن (الرواشدة: ٢٠١١: ٣٥).

١.٠.٢. گەنج و نامۆبوون لە کۆمەڵگەی کوردیدا:

ئەگەر نامۆ بوون بۆ مرۆڤەکان بەگشتی حاڵەتێک یان قۆناغێکی تایبەت بووبێ، بۆ گەنج و تاکی کورد پرۆسەیەکی بەردەوام و سەرەتایی ژیان و کۆتایی ژیان هەر نامۆبوون بووە، چونکە نامۆبوون چیە، جگە لەوەی کەمرۆڤ تەنیا بەجەستە لەناو کۆمەڵگەدایە و هەموو خەیاڵ و هزرو بیرکردنەوەو ....سەرجەم کارەکانی تری ژیانی بە پێی ڕازیبوون و بیرکردنەوەی ئەوانی تر بڕیار و هەڵوێست وەردەگرێت، هەر لەم بارەیەوە "سارتەر" دەڵێت "نامۆبوون لەدەستدانی سەربەستی و داگیرکردنی بوونی مرۆڤە لەلایەن تاکەکانی ترەوە، بەو بڕوایەی کە سەربەخۆیی و ئازادی جەوهەری مرۆڤە، بەوپێیە مرۆڤ لەگەڵ داگیرکردنی بوونیدا لەجەوهەری خۆی نامۆ دەبێت وەکو داهێنەر ناتوانێت ڕۆڵی مەرکەزی خۆی ببینێت (ئەحمد و سەرکەپکانی: ٢٠٠٧: ٤٢).

ئەگەر تاکی کورد لەسەرەتاوە بەهۆی ستەم و چەوساندنەوەی دەسەڵاتی سیاسی بێگانەوە توشی نامۆبوون هاتبێت، بەهەموو شێوەیەک خاک و وڵات و ناوی لێ قەدەغە کرابێت، ئەوا ئەمڕۆ هەمان دیاردەی نامۆیی بەفۆرم و شێوازێکی تر خۆی قووت کردووەتەوە، ئەگەر پێشتر نامۆبوون لە گۆڕینی ناو و ناسنامە و خەباتی سیاسی زۆرەملێدا بووبێت، ئەوا ئێستا ڕق لێبوونەوەو ململانێی سیاسی ناوخۆیی و دزین و بردنی ماڵ و سامانیەتی لەلایەن چەند کەسانی دیاریکراوەوە، نەک هەر گەنج بەتەنیا بەڵکو کۆمەڵگا بەهەموو چین و توێژ و پێکهاتەکانیەوە توشی نامۆبوون کردووە. کاتێک تاک لەنیشتمانێکدا کە ڕەنگە خاوەنی پارچەیەک زەوی و دەنگێکی بیستراو و هەناسەیەکی ئازاد نەبێت، چۆن نامۆ نابێت؟ لەم بارەیەوە فەیلەسوفی لاهوتی"پۆڵ تیلیش" دەڵێت (نامۆبوون بریتیە لە بیانی بوون و غەریب بوون) (نەقشبندی: ٢٠٠٢: ٥٦). واتە لەهەر جێگەو وڵاتێکدا مرۆڤ ژیان بەسەر بەرێت دەبێت شتێک هەبێت دڵی پێخۆش بکات و ببیەستێتەوە بەو جێگەیە، بەڵام گەنجی کورد چونکە ئەم شتە شک نابات و نایبەستێتەوە بە خاک و نیشتمانەکەی، لەبەرئەوە نامۆ دەبێت و پاشانیش ڕێگەی دەرچوون و کۆچ کردن دەگرێتەبەر. وە پێی شتێکی ئاساییە کە کوردستان بە وڵاتی غەریبایەتی و بیانی بوون لە قەڵەم بدەن (عبدالله: ٢٠١٠: ٣٧). لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مرۆڤ لەوڵات و شوێنی خۆشی نامۆ دەبێت، چونکە لە وڵاتێکدا کە مرۆڤ هەستی بە بوونی خۆی نەکرد و بێدەسەڵات بوو وەتوانای هیچ گۆڕانکاری و چاکسازییەکی نەبوو لە ژیانی خۆی و دەورووبەری و بوون و نەبوونی یەکسان بوو، ئەوا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ژیان دەکات و هیچ بە هایەکی نابێت بۆ پرەنسیپ و بەهاو داب و نەریتی ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژیت، بەگومان و ڕاڕاییەوە سەیری خود و دەورووبەری دەکات و لە کۆمەڵگە دادەبڕێت، بە جۆرێک نەدەورووبەر دەتوانێت کەسەکە بەیەکێک لەخۆی بزانێت، نە خۆشی دەتوانێت خۆی بەبەشێک لەوان هەژمار بکات، بەم شێوەیەش تاکەکە دادەبڕێت و توشی نامۆبوون دەبێت.

تاکی کورد بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی دەبینین لەچەندین بواری جۆراو جۆر توشی نامۆبوون دەبن، ئەگەر نامۆبوون لەبواری سیاسی وەک دەرئەنجامی سیاسەتێکی کوردی بۆ کۆمەڵگەکەی خۆی سەیر بکەین بیخەینە بەر باس و توێژینەوە، دەردەکەوێت گەنجان تارادەیەکی زۆر دوور کەوتوونەتەوە لە دەسەڵاتی سیاسی و بەشداری لە چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان، ئەمەش والە گەنجی کورد دەکات ڕەشبینانە و بێ هیوایانە بڕواننە دەسەڵاتی سیاسی کورد و دواجار ژیان و چارەنوسی خۆیان، بێگومان کەئەمەش دەرئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری ترە کە وای لەگەنج کردووە بێ هیوا و بێ ئومێد بێت و گوێ بە سیاسەت و حکومەت و بەشداری کردن نەدات، لەگرنگترین هۆکارەکانیش ئەوەیە کە ئامانج و مەبەستی دەسەڵاتی سیاسی کورد گۆڕانکارییەکی نێگەتیڤی نا چاوەڕوانکراوی بەسەردا هاتووە، لەسەرەتادا ئامانجی کورد و شۆڕشەکەی بۆ ئازادی و سەربەستی و ڕزگار کردنی کوردستان بووە، بەڵام ئێستا لەلای بەشێکیان ئامانج و مەبەستەکان خۆی لە بازرگانی کردن و دەست تێخستنی تەواوی ئیش و کارەکانی حکومەت لەلایەن کەسایەتییە حزبیەکان دەبینێتەوە.

فاکتەرێکی تری نامۆبوونی گەنجی کورد لەدوای دەسەڵاتەوە (خێزان، دابوونەریت، کۆمەڵگە، قوتابخانە، ڕاگەیاندن و میدیاکان و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان)ن، هەریەکەو بەپێی جۆری کاریگەری و چوونە ناوەوەی گەنج بۆ قوڵاییان و پەیوەست بوونیان، کاریگەری نەرێنی لەسەریان جێ دەهێڵێت. کۆمەڵگە و خێزان لەڕێگەی سەپاندنی داب و نەریتەکانەوە دەست وەردەداتە خەون و خواستەکانی گەنج، بەتایبەت کە ژیان بەردەوام لە گۆڕانکاری و نوێ بوونەوەدایە بەڵام خێزان و کۆمەڵگە لەسەر نەریتە باو و زاڵەکان پێداگری مانەوە و درێژە پێدانیان دەکەن و گەنج ناچارو ملکەچ دەکەن، لێرەوەش گەنج هەست بەوپەڕی بێ دەسەڵاتی دەکات لەبەرامبەر ئەو داب و نەریتانەی کۆمەڵگە وەک کۆتێک خستوویەتیە گەردنیان، بۆیە ناتوانێت بەشداری بڕیار وەرگرتن و یەکلایی کردنەوەی کارو چالاکی و پێداویستیەکانی بکات. هەر لێرەوەش گەنجان هەست بە ئارامی و خۆشیەکانی ژیان ناکەن و بۆشاییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیان بۆ دروست دەبێت و توشی لاوازی گونجانی خودی و کۆمەڵایەتی دەبن، وە ناتوانن فەلسەفەی ژیان و گرنگی و بایەخی ئەرک و مافەکانیان لە کۆمەڵگا دیاری بکەن و شێوازی تایبەتی ژیانی خۆیان هەڵبژێرن و دواجار نامۆ دەبن.

دووەم: توێژینەوەکانی پیشوو

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین چەند توێژینەوەیەکی ناوخۆیی و بیانی، کە لە ڕوانگەی جیاوازەوە لێکدانەوەی ئەم دیاردەیەیان کردووە بخەینەڕوو، بەتایبەت ئەوانەی نزیکن لە توێژینەوەکەی ئێمە لەبارەی نامۆبوونی دەروونی- سیاسی:

١. توێژینەوەکانی پێشوو لەبارەی نامۆبوونی دەروونی:

أ. مصطفى، يوسف حمه صالح (٢٠٠٢)

(نامۆبوونی دەروونی و پەیووەندی بە ئاڕاستەکان بەرامبەر کۆچ کردن لەلای گەنجی کورد)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئاشنابوون بەئاست و پەیووەندی نێوان هەستکردنی گەنجی کورد بەنامۆبوونی دەروونی و سروشتی ئاراستەیان بەرامبەر بەکۆچ کردن بۆ دەرەوەی ولات. بۆئەم مەبەستە تویژەر پێوەرێکی تایبەت بە نامۆبوونی دەروونی و یەکێکیش تایبەت بە ئاڕاستەکانی گەنجان ڕووەو کۆچ کردن لە تویژینەوەکەیدا دروست کردووەو بەکاری هێناوە. وە نمونەی توێژینەوەکەشی پێک هاتووە لە (٣٢٠) گەنجی شاری هەولێر، کە بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی لەهەردوو ڕەگەز پراکتیزە کراون. لە توێژینەوەکەدا سەرجەم ئامرازە ئاماریەکانی پێویست بۆ شیکردنەوەی داتاکان بەکار هاتووە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش ئەوەیان نیشانداوە، کە گەنجانی کورد هەست بە نامۆبوونی دەروونی دەکەن بە ئاستێکی کەمتر لە ناوەندی گریمانە کراو لە توێژینەوەکەدا، ئاڕاستەیەکی تاڕادەیەک بەرزی ئەرێنیان هەیە بەرامبەر بە کۆچکردن بۆ دەرەوەی ولات. هەروەها پەیووەندییەکی ئەرێنی و باوەڕپێکراویش هەیە لە نێوان نامۆبوونی دەروونی و ئاڕاستەکانی گەنجان ڕووەو کۆچکردن بۆ دەرەوەی ولات.

ب. نعيسة، رغداء (٢٠١٢)

(نامۆبوونی دەروونی و پەیووەندی بە ئاسایشی دەروونی)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی سروشتی پەیووەندی لە نێوان نامۆبوونی دەروونی و ئاسایشی دەروونی، هەروەها زانینی جیاوازی لە ناوەندی نمرەی خوێنکارانی قۆناغی زانکۆ لەگەڵ خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) لە هەردوو گۆڕاوەدا بە پێی هەریەك لە گۆڕاوەکانی (ڕەگەزنامە، ئاستی فێرکاری- التعليمي) لەلای خوێنکارانی زانکۆی دیمەشق کە نیشتەجێی شاری زانکۆن.کە بۆ ئەم مەبەستە پێوەری وەرگیراو بەکار هاتووە بۆ هەردوو گۆڕاوەکە. وە نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٣٧٠) خوێنکار، کە ڕێژەی (%٣)ی کۆی گشتی خوێنکاران پێك دەهێنن لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. وە گرنگترین ئەو ئامانجانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتین لە بوونی نامۆبوونی دەروونی بە ڕێژەی ناوەندی لەلای نمونەی توێژینەوەکە، وە هەبوونی پەیووەندیەکی پێچەوانەی نەرێنی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان نمرەکانی خوێنکاران لە هەردوو پێوەری نامۆبونی دەروونی و ئاسایشی دەروونی. هەروەها جیاوازی هەیە لە ناوەندی نمرەکانی نمونەکە لە پیوەری نامۆبوونی دەروونی بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن لە بەرژەوەندی خوێندکارانی خوێندنی باڵا، وە وە جیاوازی هەیە لە ئاسایشی دەروونی لەبەرژەوەندی سورییەکان، هەروەها جیاوازی هەیە لە نامۆبوونی دەروونی بە پێی ڕەگەزنامە لەبەرژەوەندی خوێندکارانی عەرەب.

ج. علوان، رشا محمد (٢٠١٤)

(نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆ)

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە زانینی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی بابل، هەروەها زانینی نامۆبوونی دەروونی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز. کە نمونەی توێژینەوەکە پێهاتووە لە (١٠٠) کەپێکهاتووە لە (٥٠) کوڕ و (٥٠) کچ. کە توێژەر بۆ ئەم مەبەستە سودی لە پێوەری ئامادەکراو وەرگرتووە. دەرئەنجامەکانیش ئەوەیان سەلماند کە خوێندکارانی زانکۆ ڕێژەیەك لە نامۆبوونی دەروونیان هەیە کە (%٩) یە کە توێژەر پشتی بەستووە بە ناوەندی ژمێرەیی کە ڕێژەکەی (٨،٤٥) و بەلادانی پێوەری (٩٣،٦)، وە بوونی جیاوازی لە نێوان کوڕان و کچان لە نامۆبوونی دەروونیدا لە بەرژەوەندی کوڕان، واتە کوڕان زۆرتر نامۆبوونی دەروونیان هەبوو.

د. بركات، عبد الحق (٢٠١٦)

(ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای نمونەیەك لە خوێندکارانی بیانی لە زانکۆی مەسلیە).

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوون لە زانینی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی بیانی کەلەزانکۆی مەسلیە دەخوێنن، وەزانینی ئەم جیاوازییە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٧٢) خوێندکار. وە بۆ ئەم مەبەستە هەڵساوە بە دروستگردنی پێوەر. ئەنجامەکانیشی بریتین لە نامۆبوونی دەروونی بەڵگەداری ئاماری بەرزی هەیە لەلای خوێندکارانی بیانی، وەهەروەها بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز بەڵگەداری ئاماری هەیە لەبەرژەوەندی ڕەگەزی کچ.

٢. توێژینەوەکانی پێشوو لەبارەی نامۆبوونی سیاسی

أ. بنات، بسام ،و سلامة، بلال (٢٠٠٣)

(نامۆبوونی سیاسی لەلای پەنابەرانی فەلەستینی و پەیووەندی بەهەندێ گۆڕاوی ترەوە)

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوون لە زانینی ئاستی بەربڵاوی نامۆبوونی سیاسی لای پەنابەرانی فەلەستینی (نیشتەجێ بوو لە خێوەتگەی عروب)، وە زانینی پەیووەندی ئەم گۆڕاوە بە گۆڕاوەکانی (یاککگراوەندی کۆمەڵایەتی، ئابوری، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، داهاتی مانگانە، دینداری، ئینتماو ئاڕاستەی سیاسی). کە نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووەلە (١٠٠) کەس کەبەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی هەڵبژێردراون. وە توێژەر هەڵساوە بە ئامادەکردنی پێوەر بۆ هەردوو گۆڕاوەکە. وە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتین لە هەبوونی نامۆبوونی سیاسی بە ڕێژەیەکی بەرز، هەروەها سەبارەت بە پەیووەندی نێوان نامۆبوونی سیاسی بەو گۆڕاوانەی سەرەوە دەرکەوتووە کە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان هەستکردن بەنامۆبوونی سیاسی و هەردوو گۆڕاوی ئینتیما و

ئاڕاستەی سیاسی، واتە ئەوانەی ئینتیما و ئاڕاستەی سیاسیان نەبووە ئاستی هەستکردنی نامۆبوونی سیاسیان بەرزتر بووە، باڵام لە گۆڕاوەکانی تردا بەڵگەداری ئاماری نییە.

ب. عبدالله، جلال أحمد (٢٠١٠)

(ڕەهەندەکانی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەنجان)

ئامانەکانی ئەم تویژینەوەیە بریتین لە پێوانەکردنی ئاستی هەستکردنی خوێندکارانی زانکۆ بەنامۆبوونی کۆمەڵایەتی و ڕەهەندەکانی، هەروەها ئاستی هەستکردنیان بە نامۆبونی سیاسی و ڕەهەندەکانی، وە جیاوازی نێوان خوێندکاران لە نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە پێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، پسپۆڕی، ئاستی ئابوری، سەرچاوەی داهات، شوێنی نیشتەجێ بوون، ئینتمای سیاسی، بەشداری کردن لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا). کە نمونەی تویژینەوەکە پێکهاتووە لە (٤٤٧٣) خوێنکاری زانکۆی سەڵاحەدین ، کە (٢٤٦٥) یان کوڕن و (٢٠٠٨)یان کچن. کە بە ڕێگەی (هەڕەمەکی چینایەتی فرە قۆناغ بەشێوەی گونجاو) هەڵبژێردراون. بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری پشتی بەستووە بە بەکارهێنانی پێوەر.دەرئەنجامی توێژینەوەکەش گەیشتووە بەوەی کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە هیچ کام لە گۆڕاوەکانی سەرەوە لە نامۆبونی کۆمەڵایەتیدا، واتە هەمووان ئاستی هەستکردنیان بە نامۆبوونی کۆ مەڵایەتی نزم و لێك نزیك بوو. بەڵام لەنامۆبوونی سیاسیدا بەڵگەداری ئاماری هەیە لە گۆراوەکانی (شوێنی مانەوەی خوێندار، ئینتمای سیاسی، بەشداری هەڵبژاردن)، واتە ئەوقوتابیانەی دەرەکین و لەبەشە ناوخۆیی دەمێننەوە نامۆبوونی سیاسیان بەرزترە لە خوێندکارانەی دانیشتووی ناوخۆیی شارن، وە ئەوانەی ئینتمای سیاسیان نیە نامۆبوونیان زیاترە لەوانەی ئینتمایان هەیە، وە ئەوانەی بەشداری هەڵبژاردنە گشتییەکانیان نەکردووە ئاستی هەستکردنی نامۆییان بەرزترە لەوانەی بەشدار بوون لە هەڵبژاردنەکان. بەڵام لە گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، کۆلێژ، باری ئابوری، سەرچاوەی داهات، شوێنی نیشتەجێبوون) بەڵگەداری ئاماری نەبوو، واتە وێڕای هەستکردنیان بە نامۆبوونی سیاسی بەڵام جیاوازی ئەوتۆ لەنێوانیان دانەبوو لەڕووی ئەم گۆڕاوانەوە.

ج. الرواشدة، علاء زهير (٢٠١١)

(نامۆبوونی سیاسی گەنجانی زانکۆ)

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە زانینی ئاستی نامۆبوونی سیاسی لای گەنجانی زانکۆ، وە جیاوازی لەنێوان ڕەگەزی (نێرو مێ) لە نامۆبوونی سیاسیدا، وە جیاوازیان بە پێی داهاتی مانگانە.و هەروەها گرنگترین هۆکار و فاکتەرەکانی کەدەبنە هۆی نامۆبوونی سیاسی، وە گرنگترین کاریگەری و دەرئەنجامەکانی کەلەم نامۆبوونە دەکەوێتەوە چین. وەنمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٣٩٣) خوێندکار. توێژەر بۆئەم مەبەستە پێوەری ئامادەکردووە. بەمەبەستی دەرهێنانی ئەنجامەکان توێژەر پشتی بەستووە بە (ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری،شیکاری جیاکاریەکان، بەراوردکاری ڕەهەندی). وە ئەنجامەکانی بریتی بوون لە بوونی نامۆبوونی سیاسی لەناو گەنجانی زانکۆ بەڕێژەیەکی بەرز، وە وە نامۆبوونی سیاسی بەڵگەداری ئاماری هەبوو بەپێی داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان لەبەرژەوەندی ئەوانەی مام ناوەندو لەخوار مامناوەندەوە بوون، هەروەها لە جیاوازی ڕەگەزی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە بەرژەوەندی کوڕان.

شیکردنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو:

لەم توێژینەوەیەدا حەوت توێژینەوە لەسەر نامۆبوونی دەروونی و سیاسی خراوەتە ڕوو، کە چواریان دەربارەی نامۆبوونی دەروونییە و سیانیان نامۆبوونی سیاسین. وەتوێژەران هەوڵیانداوە پشت بە و توێژینەوانە ببەستن کە نمونەی توێژینەوەکەیان هاوتا یاخود نزیکە لە نمونەی توێژینەوەی بەردەست کە چینی گەنجانن. توێژینەوەی تر لەبارەی نامۆبوونی دەروونی بەتایبەت، وەنامۆبوونی سیاسی زۆر زیاتر بوون لەو ڕێژەییەی کە لێرەدا خراوەتەڕوو، کەئەمەش بۆخۆی ئاماژەیە بۆ گرنگی ئەم پرسە.

سەرەتا ئەگەر لەڕووی ئامانجەوە بەراوردێك لە نێوان توێژینەوەکانی پێشوو و لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە بکەین دەبینین ئەم توێژینەوەیە شوێنی لەنێو توێژینەوەکانی پێشودا دەبێتەوە لەڕووی ئەوەی کە ئامانجی بریتییە لە زانینی ئاستی نامۆبوونی دەروونی- سیاسی گەنجانی شاری قەڵادزێ لە ژێر کاریگەری و پەیوەندی بە گۆڕاوی (ڕەگەز). کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیاکانی توێژینەوەکانی پێشوو.

وە لەڕووی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریەوە، لەهەندێ لە توێژینەوەکاندا توێژەر خۆی پێوەری ئامادە کردووە وەك لە درێژەی خستنەڕووی توێژینەوەکانی سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە. بەڵام لەهەندێك لە توێژینەوەکاندا توێژەر سودی بینیوە لە پێوەری توێژینەوەی تر وەك ئاماژەی پێدراوە. وە لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بۆ هەردوو گۆڕاو سودی بینیووە لە پێوەری ئامادەکراوی تر لەتوێژینەوەکانی پێشوتر کە لە بەشی پێنجەمی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەی پێدراوە کە بۆ پێوانە کردنی ئەم مەبەستە بەکارهاتوون.

لەڕووی قەبارەی نمونەوە، هەر توێژینەوەیەو ڕێژەیەکی جیاواز و گونجاو بەپێی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە، لەم توێژینەوەیەدا توێژەران هەوڵیانداوە ڕێژەی گونجاو وەربگرن کە لە (٥٠٠) گەنجی شاری قەڵادزێ پێکهاتووە.

وە لە ڕووی ئامارییەوە بەهۆی ئەوەی بەشێك لە توێژینەوەکانی پێشوو بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییە لەگەڵ گۆڕاوی تر هەریەك لە (هاوکێشەی پەیووەستی پێرسۆن و سپێرمان براون و T-test)یان بەکار هێناوە، وە ئەو توێژینەوانەی بۆ زانینی ئاستی هەستکردن بەنامۆبوونی دەروونی- سیاسی ئەنجامدراون وە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەش هەریەك لە (ناوەندی ژمێرەیی، و ناوەندی گریمانەیی، و لادانی پێوەری، ڕێژەی سەدی) بەکار هێنراون.

وە لەڕووی دەرئەنجامەوە، سەبارەت بە ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە کە پێوانی نامۆبوونی دەروونیە لای گەنجان، دەرکەوتووە کە نامۆبوون هەیە و لە ڕێژەیەکی بەرزدایە، ئەمەش یەك دەگرێتەوە لە گەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (مصطفى:٢٠٠٢، نعيسة:٢٠١٢، علوان:٢٠١٤، بركات:٢٠١٦). وە ئامانجی دووەم کە پێوانی نامۆبوونی سیاسی یە، بەهەمان شێوە لەئاستێکی بەرزدایە و یەك دەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی (بنات و سلامە:٢٠٠٣، عبدالله:٢٠١٠، الرواشدة:٢٠١١). وە ئامانجی سێیەم کە بریتیە لە زانینی نامۆبوونی دەروونی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ). کە لەم توێژینەوەیەدا ڕگەزی (مێ) نامۆبوونیان

بەرزترە و ئەمەش یەك دەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (برکات:٢٠١٦). وەئامانجی چوارەم کە بریتییە لە زانینی نامۆبوونی سیاسی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر،مێ)، دەرکەوتووە ڕەگەزی (مێ) نامۆبوونی سیاسیان بەرزترە لە ڕەگەزی (نێر). توێژەر بۆ هەریەك لە ئەنجامەکانی ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوە و لێکدانەوەی زانستی وردی کردووە بە پێی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

بەشی سێیەم

لایەنە مەیدانیەکانی توێژینەوە

١.٣.کۆمە ڵگای توێژینەوە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لە گەنجانی سەنتەری شاری قەڵادزێ بۆساڵی(٢٠٢٠-٢٠٢١) لە هەردوو ڕەگەز (نێر، مێ). بەداخەوە لەبەر نەبوونی داتایەکی بەردەست و ورد سەبارەت بە ڕێژەی گەنج لەکوردستان بەگشتی و لەشاری قەڵادزێ بەتایبەت، کە هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی بەلێشاوی گەنجانی هەرێم و ئەم شارە، نەتوانراوە ڕێژەی گەنجان لە کۆمەڵگەی تویژینەوە بە ژمارە ئاماژەی پێ بدرێت.

٢.٣. نموونەی توێژینەوە:

بۆ وەرگرتنی نمونەی توێژینەوەکە ڕێگای سامپڵی هەڕەمەکی بەکار هاتووە و تەنها گۆڕاوی ڕەگەز وەرگیراوە، لەبەر نەبوونی داتای بەردەست لەسەر ڕێژەی گەنج لەم شارە دوای ماندو بوون و هەوڵدانێکی زۆر توانیمان  تەنها (٥٠٠) پێوەر دابەش بکەین، دواجار و دوای گەڕانەوەی پرسیارنامەکان و هەموو ئەوانەی بۆ ئامانجی توێژینەوەکە شیاو بوون تەنها (٤٧٠) پرسیارنامە بوون، واتە (٣٠) پرسیارنامە دوورخرانەوە، لەبەر وڵام نەدانەوەی بەشێك لە بڕگەکانیان لەلایەن وڵامدەرەوە . لەبەرئەوە بەگشتی نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (٤٧٠) گەنج ، کە پێکهاتووە لە (١٨١) مێ و (٢٨٩) نێر. توێژەر هەوڵیداوە سەرجەم چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (خوێندکار، مامۆستا، فەرمانبەر، پێشمەرگە، بێکار، کاسبکار) لە نمونەی توێژینەوەکەدا بوونیان هەبێت.

٣.٣. ئامرازەکانی توێژینەوە:

بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری و ئامانجەکانی توێژینەوەکە کە (پێوانی نامۆبوونی دەروونی- سیاسی گەنجان) دوو پێوەر بەکار هاتووە:-

١. پێوەری نامۆبوونی دەروونی:

دوای گەڕان بەناو ئەدەبیات و توێژینەوەکانی پێشووی پەیوەندیدار بە نامۆبوونی دەروونی و ئەو پێوەرانەی کە بۆ پێوانەکردنی ئەم مەبەستە بەکارهاتوون، توێژەر  پێوەری نامۆبوونی دەروونی ئامادەکراو لەلایەن (علوان:٢٠١٤)ی بەکارهێنا، کە دروستکراوە لەلایەن (کبیسي:٢٠٠٢)، پێوەرەکە لە (٢٦) بڕگە پێکهاتووە (پاشکۆی ژمارە -١-). وێڕای ئەوەی لەلایەن (علوان:٢٠١٤) سەرجەم ڕێکارەکانی ڕاستگۆیی ڕاواڵەتی و جێگری بۆ ئەنجامدرابوو، توێژەر بەگونجاوی زانی ئەم ڕێکارانە دووبارە بکاتەوە بۆ زانینی ڕێژەی گونجاوی بەپێی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بۆ ئەم مەبەستەش ئەم ڕێکارانە گیراوەتە بەر:

أ. ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەستا بە دابەشکردنی پێوەرەکە بە شێوەی سەرەتایی (پاشکۆی ژمارە-١) بەسەر شارەزایانی بواری دەروونزانی (پاشکۆی ژمارە -٢-)، دوای وەرگرتنی بۆچوونی شارەزایان، بەسود وەرگرتن لەتێبینیەکانیان پشتمان بەست بەڕێژە ی  ١٠٠%  ، ئەوەی شایەنی باسە سەرجەم بڕگەکان وەك خۆیان مانەوە لەڕووی ژمارە و ناوەڕۆکەوە، واتە هیچ گۆڕانکاریان بەسەردا نەهات.

ب. جێگیری :

توێژەر جێگری بڕگەکانی پێوەرەکەی بە یاسای (ئەلفا کرۆنباخ)  دەرهێنا، بۆئەم مەبەستە (٣٠) پێوەر لەبەشداربووانی نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە  لەهەردوو ڕەگەز (نێر، مێ)، کە بەپێی ئەم یاسایە جێگری پێوەرەکە بریتیبوو لە (٠،٨٤).

- پێوانەو هەژمارکردنی نمرەکانی پێوەری نامۆبوونی دەروونی:

بڕگەکانی پێوەری نامۆبوونی دەروونی کە پێکهاتووە لە (٢٦) بڕگە، بڕگەی ئەرێنی و نەرێنی لەخۆی دەگرێت،  وە لەبەرامبەر هەر بڕگەیەك هەریەك لە بژاردەکانی (ڕازیم، تاڕاددەك ڕازیم، ناڕازیم) هەیە، وە پێدانی نمرە بە بڕگەکان بە جۆرێکە بۆ بڕگەی ئەرێنی هەریەك لە نمرەکانی (٠،١،٢) دراوە بە بژاردەکان، وە بۆ بڕگە نەرێنیەکان بە پێچەوانەوە (٢،١،٠) دراوە بەهەر بژاردەیەك.

٢. پێوەری نامۆبوونی سیاسی:

بۆ پێوانەکردنی نامۆبوونی سیاسی توێژەر  پێوەری ئامادەکراو لەلایەن (عبدالله:٢٠١٠) بەکارهێنا، کە پێکهاتووە لە (٣٤) بڕگە (پاشکۆی ژمارە-١-). بۆ زانینی ڕێژەی گونجاوی  بڕگەکان بە پێی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر ئەم ڕێکارانەی گرتەبەر:

أ. ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەستا بە دابەشکردنی پێوەرەکە بە شێوەی سەرەتایی (پاشکۆی ژمارە-١-) بەسەر شارەزایانی بواری دەروونزانی (پاشکۆی ژمارە-٢-)، دوای وەرگرتنی بۆچوونی شارەزایان، بەسود وەرگرتن لەتێبینیەکانیان پشتمان بەست بەڕێژە ی  ١٠٠%، ئەوەی شایەنی باسە سەرجەم بڕگەکان وەك خۆیان مانەوە لەڕووی ژمارە و ناوەڕۆکەوە، واتە هیچ گۆڕانکاریان بەسەردا نەهات.

ب. جێگیری :

توێژەر جێگری بڕگەکانی پێوەرەکەی بە یاسای (ئەلفا کرۆنباخ)  دەرهێنا، بۆئەم مەبەستە (٣٠) پێوەر لەبەشداربووانی نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە  لەهەردوو ڕەگەز (نێر، مێ)، کە بەپێی ئەم یاسایە جێگری پێوەرەکە بریتیبوو لە (٠،٩٦).

- پێوانەو هەژمارکردنی نمرەکانی پێوەری نامۆبوونی سیاسی:

برگەکانی پێوەری نامۆبوونی سیاسی کە پێکهاتووەلە (٣٤) برگە،وە لەبەرامبەر هەر برگەیەك هەریەك لە بژاردەکانی (زۆر لەگەڵیدام، لەگەڵیدام، لەگەڵیدانیم، هیچ لەگەڵیدانیم) هەیە، وە پێدانی نمرە بە برگەکان بریتییە لە(٠،١،٢،٣).

٤.٣.جێبەجێکردنی کۆتایی توێژینەوەکە:

دوای بەئەنجام گەیاندنی ڕێکارە زانستییەکان، وەك ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و ڕاستگۆیی زمانەوانی و جێگیری، توێژەر لەبەرواری (١٠ /٢٠٢١/١٠) تاوەکو (٢٠٢١/١٠/٢٥) هەڵسا بەدابەشکردنی هەردوو پێوەرەکە بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا کە ژمارەیان (٥٠٠) فۆرم بوو.

٥.٣.ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

لەم توێژینەوەیەدا بۆ شیکردنەوەی ئاماری پشتمان بەستوە بە(SPSS)وەلەناو (SPSS) دا ئەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوەمان بەکارهێناوە کە بریتین لە:

١. تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەك نموونە، بۆ پێوانی نامۆبوونی دەروونی- نامۆبوونی سیاسی.
٢. تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ، بۆ زانینی جیاوازی ڕەگەزی (نێر، مێ) بۆ هەریەك لە نامۆبوونی دەروونی- نامۆبوونی سیاسی.
٣. ئەلفا کرۆنباخ بۆ دەرهێنانی جێگیری.
٤. ناوەند و لادانی پێوەری بۆ دیاریکردنی ئاستی نامۆبوونی دەروونی و، نامۆبوونی سیاسی.

خستنەڕووی ئەنجامەکان و تاوتوێکردنیان

یەکەم: نامۆبوونی دەروونی لای گەنجانی شاری قەڵادزێ.

بۆ دۆزینەوەی ئامانجی یەکەم توێژەر (one-sample t-test) ی بەکارهێنا، دەرکەوت کە ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (٣١.١٥٧) بە لادانی پیوەری (٩.٨٦)، وە ناوەندە گریمانەیی (٢٦)، واتە ناوەندی ژمێرەیی بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی، واتە گەنجانی شاری قەڵادزێ نامۆبوونی دەروونیان بەرزە. هەروەها توێژەر هەستا بە دەرهێنانی بەهای تاقی کردنەوەی (t)بۆیەك نموونە، بەمەبەستی دەرخستنی بەڵگەداری ئاماری، دەرکەوت کە بەهای (t) هەژمارکراو بریتیە لە (١١.٣٣)، کە گەورەترە لە بەهای (t) خشتەکی کە بریتیە لە (١.٩٦٠). ئەمەش واتا بەڵگەداری ئاماری هەیە لەسەر ئاستی (٠.٥) بە پێی پرۆگرامی (SPSS) وەك لە خشتەی ژمارە (١) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (١)

خشتەی ڕوونکردنەوەی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای گەنجانی شاری قەڵادزێ

| نامۆبوونی دەروونی | سامپڵ | ناوەندە ژمێرەیی | ناوەندە گریمانی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٤٧٠ | ٣١.١٥٧ | ٢٦ | ٩.٨٦ | ٤٦٩ | ١١.٣٣ | ١.٩٦٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە لە (٠.٥) |

بە پێی ئەم خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت کە نامۆبوونی دەروونی هەیە و لەئاستێکی بەرزدایە. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی لەوەوپێش وەك توێژینەوەکانی (مصطفى:٢٠٠٢، نعیسة:٢٠١٢، علوان:٢٠١٤، برکات:٢٠١٦) کەهەریەك لەو توێژینەوانەش دەریانخستووە نامۆبوونی دەروونی هەیەو لەئاستێکی بەرزدایە، ئەنجامی ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئەم بارودۆخە ناهەموارە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەی کەتاك بەگشتی و گەنج بەتایبەتی تیایدادەژی، بەتایبەت گەنجانی شاری قەڵادزێ کە لەململانێیەکی سەختدان لەنێوان کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی لەلایەك، هەروەك فرۆید پێی وایە نامۆبوون لەئەنجامی ململانێ و پەستان دروست دەبێت، کەوا لەتاک دەکات هەست بە بێزاری و ڕاڕایی بکات، کاتێک توشی ئاڵۆزییەکانی شارستانیەت و ڕێککارییە جۆر بەجۆرەکانی دەبێتەوە، کە دەبنە بەربەستێک لەبەردەم تێر کردنی ویست و ئارەزووەکانی (نعیسە:٢٠١٢: ١٢٨)، لەلایەکی تریشەوە ئەو پەراوێزەی تێی کەوتوون بەهۆی بێکاری و دەست بەتاڵی و نەبوونی هەلی کار و مایە پووچ بوونیان دوای ساڵانیکی زۆری ڕەنج و ماندوو بوونیان بۆ گەڕان بەدوای بژێوی ژیان، کە هەست بە هیچ هاندان و پشتگیرییەك ناکەن لەلایەن دەوروبەرەوە، هەر لەمبارەیەوە ڕەفتارییەکان پێیان وایە کە ئەوەی مرۆڤ دەجوڵێنێت هێزی دەرەکیە نەک هێزی ناوەکی،وە ڕەفتاری مرۆڤ پەیووەندی دارە بە وڵامدانەوەکانی و بەو پاداشت و هاندانانەی(التعزیزات) کەپێی دەگات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە نامۆبوون دەرئەنجامی کەمووکورتی لە ڕێژەی هاندانە ئەرێنیەکان و جۆرەکانی سەر هەڵدەدات (عباس: ٢٠١٦: ٤٩).

دووەم / نامۆبوونی سیاسی لای گەنجانی شاری قەڵادزێ

بۆ دۆزینەوەی ئامانجی دووەم توێژەر (one-sample t-test) ی بەکارهێنا بەهەمان شێوەی ئامانجی یەکەم، دەرکەوت کە ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (٧٤.٨٨) بە لادانی پیوەری (١٦.٦٨)، وە ناوەندە گریمانەیی (٦٤)، واتە ناوەندی ژمێرەیی بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی، واتە گەنجانی شاری قەڵادزێ نامۆبوونی سیاسیان بەرزە. هەروەها توێژەر هەستا بە دەرهێنانی بەهای تاقی کردنەوەی (t) بۆیەك نموونە، بەمەبەستی دەرخستنی بەڵگەداری ئاماری، دەرکەوت کە بەهای (t) ی هەژمارکراو بریتیە لە (١٤.١٤١)، کە گەورەترە لە بەهای (t) ی خشتەکی کە بریتیە لە (١.٩٦٠) ئەمەش واتا بەڵگەداری ئاماری هەیە لەسەر ئاستی (٠.٥) بە پێی پرۆگرامی (SPSS) وەك لە خشتەی ژمارە (٢) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٢)

خشتەی ڕوونکردنەوەی ئاستی نامۆبوونی سیاسی لای گەنجانی شاری قەڵادزێ

| نامۆبوونی دەروونی | سامپڵ | ناوەندە ژمێرەیی | ناوەندە گریمانی | لادانی پێوەری | نمرەی | بەهای تائی | بەهای تائی | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئازادی | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| | ٤٧٠ | ٧٤.٨٨ | ٦٤ | ١٦.٦٨ | ٤٦٩ | ١٤.١٤١ | ١.٩٦٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە لە (٠.٥) |

لەم خشتەیەوە دەردەکەوێت کە نامۆبوونی سیاسی گەنجانی شاری قەڵادزێ لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش یەك دەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشووی هەریەك لە (بنات و سلامە:٢٠٠٣، عبدألله:٢٠١٠، الرواشدة:٢٠١١).کە توێژەر ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ڕەوشە سیاسیەی کورد تیایدایە، بەتایبەت بەشداری پێکردنی گەنج لە پرسە سیاسیەکاندا لە ڕێژەیەکی نزمدایە (أحمد، و سەرکەپکانی:٢٠٠٧: ٣٨). هەندێك لە توێژەران وای دەبینن بەشداری کردنی سیاسی پرۆسەیەکە کەتاك ڕۆڵی تێدا دەبێت لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگەکەی، بوارێکی لەدەستدایە بۆ بەشداری کردن لە دانان و داڕشتنی کۆمەڵگادا، هەروەها باشترین ئامرازە بۆ جێبەجێ کردنی و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، ئەمەش سەلمێنەر و بەڵگەی ئەوەیە کەلەدۆخێکی پێچەوانەدا نامۆبوون دێتە ئاراوە (عبدألله:٢٠١٠: ٢٠). بۆیە ئاساییە گەنجانی شاری قەڵادزێ لەو دۆخەدا نامۆبوونی سیاسیان هەبێت.

سێیەم/ زانینی نامۆبوونی دەروونی لای گەنجانی شاری قەڵادزێ بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ).

بۆ دەرهێنانی ئەم ئامانجە (independent sample t-test)بەکارهات. دەرکەوت ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی (نێر) بریتیە لە (٣٠.٤٤٩) و لادانی پێوەری (٨.٩٦٩). وە ناوەندە ژمێرەیی رەگەزی (مێ) بریتیە لە (٣٢.٢٨٧) و لادانی پێوەری (١١.٠٧٨)، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی (مێ) بەرزترە لە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی (نێر). وە بەهای تائی بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ دەرهاتووە کە بەهاکەی (١.٩٧١)بوو، کە ئەمەش بەهاکەی زیاترە لە بەهای خشتەیی کە (١.٩٦٠)ە، ئەمەش بەپێی بەهای پرۆگرامی (SPSS) بەڵگەداری ئاماری هەیە لە (٠.٠٠٥)، وەك لە خشتەی ژمارە (٣) ڕوونکراوەتەوە. واتا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا لەڕووی نامۆبوونی دەروونی، لەبەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ).

خشتەی ژمارە (٣)

زانینی نامۆبوونی دەروونی بە گوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز

| ڕەگەز | سامپڵ | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای ت هەژمارکراو | بەهای ت خشتەیی | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٢٨٩ | ٣٠.٤٤٩ | ٨.٩٦٩ | ٢٨٨ | ١.٩٧١ | ١.٩٦٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی (٠.٠٠٥) |
| مێ | ١٨١ | ٣٢.٢٨٧ | ١١.٠٧٨ | ١٨٠ | | | |

لەم خشتەیەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە نامۆبوونی دەروونی لەلای ڕەگەزی (مێ) زیاترە وەك لە ڕەگەزی (نێر) و ئەمەش یەك دەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (برکات:٢٠١٦). کە ئەمەش دەکرێت بەوە لێك بدرێتەوە کە ڕەگەزی مێ زیاتر ئەگەری کەوتنە ژێر فشار و پاڵە پەستۆ دەروونی و ململانێکانیان هەیە، وە توێژەر وای دەبینێت کە ئەگەر گەنجانی شاری قەڵادزێ بەگشتی نامۆبوونی دەروونیان هەبێت ئەوە ڕەگەزی مێ زیاتر ئەو ئەگەرەیان بەهێزترە، کە دەشێ ئەمەش بەشێکی بەهۆی ئەمەوە بێت کە شاری قەڵادزێ لەڕووی داب و نەریت و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و کلتوریەوە کەمتر دەرفەتی یەکسانی بۆ مێ ڕەخساندبێت لەچاو ئەو دەرفەتەی کە بۆ ڕەگەزی نێر ڕەخساوە لەم شارەدا.

چوارەم/ زانینی نامۆبوونی سیاسی لای گەنجانی شاری قەڵادزێ بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ).

بۆ دەرهێنانی ئەم ئامانجە (independent sample t-test)بەکارهات. دەرکەوت ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی (نێر) بریتییە لە (٧١.٥٥) و لادانی پێوەری (١٧.٠٢٩). ناوەندە ژمێرەیی رەگەزی (مێ) بریتییە لە (٨٠.٢٠) و لادانی پێوەری (١٤.٦٦٩)، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی (مێ) بەرزترە لە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی (نێر). وە بەهای (تائی) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ دەرهاتووە کە بەهاکەی (٥.٦٥٢) بوو، کە ئەمەش بەهاکەی زیاترە لە بەهای خشتەیی کە (١.٩٦٠)ە، ئەمەش بەپێی بەهای پرۆگرامی (SPSS) بەڵگەداری ئاماری هەیە لە (٠.٠٠٥)،وەك لە خشتەی ژمارە (٤) ڕوونکراوەتەوە. واتا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا لەڕووی نامۆبوونی سیاسی ، لەبەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ).

خشتەی ژمارە (٤)

زانینی نامۆبوونی سیاسی بە گوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز

| ڕەگەز | سامپڵ | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای ت هەژمارکراو | بەهای ت خشتەیی | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٢٨٩ | ٧١.٥٥ | ١٧.٠٢٩ | ٢٨٨ | ٥.٦٥٢ | ١.٩٦٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە لە (٠.٠٠٥) |
| مێ | ١٨١ | ٨٠.٢٠ | ١٤.٦٦٩ | ١٨٠ | | | |

لەم خشتەیەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە نامۆبوونی سیاسی لەلای ڕەگەزی (مێ) زیاترە وەك لەلای ڕەگەزی (نێر)، توێژەر هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕەگەزی مێ کەمتر لەپرسە سایاسیەکاندا خۆیان دەبیننەوە و هەندێجار و لای هەندێ تاك تەنانەت سەرپشی لێ دەرناکەن، هەروەها خۆیان ناقورتێننە سیاسەت و تەنانەت ڕەتی دەکەنەوە بەشداری سیاسیان هەبێت. کە دەشێ ئەمەش بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵەی کە کۆمەڵگە بەگشتی

و داب و نەریت بەتایبەت  بۆ ڕەگەزی مێ دیاری دەکات بەتایبەت لە شاری قەڵادزێ، لەبەر ئەوە لە ژێر چەتری ئەم هۆکارانەدا لەڕوانگەی توێژەرەوە ئاساییە ڕەگەزی مێ نامۆبوونی سیاسی زیاتر بێت لە ڕەگەزی نێر.

## ڕاسپاردە و پێشنیار

### یەکەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

**١. پێویستە دەسەڵاتی کوردی پلان و بەرنامەیەکی فراوانی هەبێت لەمەڕ دەستنیشان کردنی هۆکارەکانی نامۆبوونی گەنج لەڕووی دەروونی و سیاسییەوە، کە ئەمەش خۆی لە توێژینەوەیەکی مەیدانی گشتگیر و فراوانتر لەم توێژینەوەیە دەبینێتەوە، کە ئەنجامدانیەتی لەسەر ئاستی هەرێم. وە دەرئەنجامەکانی بخرێتە بەرنامە و کاری حکومەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان و دەسەڵاتی سیاسی کوردیەوە.**

**٢. پێویستە هەوڵی بەرچاو بدرێت بۆ ئیشکردن لەسەر خواست و پێداویستییەکانی گەنج، بەتایبەت لە شاری قەڵادزێ کە شارێکی پشتگوێ خراو و پەراوێزخراوە لەڕووی سەرجەم خزمەتگوزارییەکان و پێداویستییەکانی خەڵکی ناوچەکە بەگشتی و گەنجان بەتایبەت، کە خۆی لە نەبوونی هەلی کار و پرۆژەی خەونی گەنجان و خستنەگەڕی تواناکانیان و نەبوونی ئەو شوێنانەی کە پێویستن بۆ ئارامی و تەندروستی دەروونی وەك (مەلەوانگە، هۆڵێکی وەرزشی داخراو (بەتایبەت بۆ کچان)، ناوەندێکی چالاکی و ڕۆشنبیری، ...هتد)، هەروەها نەبوونی پرۆژەیەکی گەشتیاری گەورە کە وەبەرهێنانی تیا بکرێت و زۆرترین گەشتیاری ناوخۆ و بیانی بۆ ناوچەکە ڕابکێشێت و ببێتە مایەی ڕەخساندنی هەلی کار و دەستهات بۆ گەنجان، ئەمە وێڕای ئەوەی دەروازەیەکە بۆ ئاشنا بوونیان بە کلتوری ناوچە و کۆمەڵگە جیاوازەکان، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا ڕێگایەك و هۆکارێکە بۆ ڕۆشنفکری و دواجار دروستی دەروونی و کەم کردنەوەی هەستی نامۆیی.**

**٣. هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی بەشێك لە پێویستیە ماددیەکانی گەنج لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە (دەسەڵات+خێزان)، لەپێناو دورخستنەوەیان لە هەستی نەرێنی و نا دروست، چونکە گرفتی ماددی بنەمایە بۆ زۆرێك لە کێشەکان، لەناویشیاندا گرفتی دەروونی و پاشان سیاسی، کە دەبێتە هۆی نامۆبوون و دواجار بیرکردنەوە لە کۆچ کردن بەتایبەت کە لەم دواییانەدا هەموومان شایەتی کۆچی بەلێشاوی گەنجی ئەم شارە بووین.**

### دووەم: پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:

**١. توێژینەوەیەك بکرێت لەسەر هۆکاری ئەوەی کە بۆچی ڕەگەزی مێ زیاتر توشی نامۆبوون دەبن لەسەر هەردوو ئاستی (دەروونی و سیاسی). وەدەرئەنجامەکانی بەهەند وەربگیرێت و ئیشی لەسەر بکرێت لە پێنا و کەم کردنەوەی ئەم جیاوازیە.**

**٢. ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر لەبارەی پرسی نامۆبوونەوە بەتایبەت پەیوەندی ئەم پرسە بە گۆڕاوەکانی وەك (تەمەن، پیشە، بڕوانامە، ئینتیما و بەشداری سیاسی، باری ئابوری، شوێنی نیشتەجێبوون).**

**٣. ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی زانستی لەسەر ئاستی زانکۆی ڕاپەڕین، بۆ تاوتوێکردنی پرس و کێشە و پێویستیەکانی گەنج لەدەڤەرەکەدا بەتایبەت پرسی نامۆبوونی دەروونی و سیاسی، ئەمەش لەپێناو ئاشنابوون بەو ڕێگا چارە و ڕێکارانەی کە دەشێ بەهۆیانەوە سەرلەنوێ متمانە و ئینتمای سیاسی ئەم توێژە بنیاد بنرێتەوە و دۆخی دەروونی گەنجان ئارام بێتەوە و چیتر گەنجان ڕێگەی غوربەت و کۆچ نەگرنەبەر و لێرە وزەکانیان کۆبکەنەوە و بیخەنە گەڕ.**

## لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم: سەرچاوە عەرەبیەکان**


١. بركات، عبد الحق (٢٠١٦). مستوى الاغتراب النفسي لدى عينة من الطلبة المغتربين بجامعة المسلية، جامعة محمد بوضياف المسلية- الجزائر، مجلة الجامع في الدراسات النفسية والعلوم التربوية، العدد ٠١، ٢٠١٦.

٢. بنات، بسام، و سلامة، بلال (٢٠٠٣). الاغتراب السياسي لدى اللاجئين الفلسطنين في مخيم العروب وعلاقته ببعض المتغيرات،ص ١٧- ٣٨.

٣. حامدي، صبرينة (٢٠١٥). الإدمان على الإنترنت وعلاقته بالإغتراب النفسي والسلوك العدواني لدى تلاميذ المرحلة الثانوية، كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية والعلوم الإسلامية، جامعة الحاج لخضر- باتنة.

٤. الحامدي، علي (٢٠٠٣).الاغتراب وعلاقته بالتوافق النفسي لدى الطلبة جامعة. جامعة شرين، ديمشق.

٥. الرواشدة، علاء زهير (٢٠١١). الاغتراب السياسي لدى الشباب الجامعي. المجلة الاردنية للعلوم الاجتماعية، المجلد ٤، العدد ٣، ٢٠١١.

٦. الزعبي، أحمد محمد (٢٠٠٢). علم النفس النمو (الطفولة والمراهقة)، دار زهراء، عمان- الأردن.

٧. زكريا، فؤاد (١٩٨٧). الجمهورية أفلاطون، طبعة الأولى، كتاب سابع، مكتبة النهضة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

٨. سليم، عبد الكريم (٢٠١٣). الإغتراب، قراءة في إشكالية المفهوم. http://www.ankawa.com/forum/index.php?topic=711170.0

٩. صبحی، ئازاد (١٩٩٢). ڕۆشنبیری و شۆڕشگێڕو کێشەی نامۆ بوون، گۆڤاری نۆژەن، ژمارە ٢، لا ١٢٧.

١٠. الصنعاني، عبده (٢٠٠٩). العلاقة بين الإغتراب النفسي وأساليب المعاملة الوالدية لدى الطلبة المعاقين سمعياً في المرحلة الثانوية، رسالة ماجستير منشورة، جامعة تعز، اليمن.

١١. عباس، دانيال علي (٢٠١٦). الإغتراب النفسي وعلاقته بالتحصيل الدراسي، رسالة الماجسير غير منشورة، كلية التربية، قسم علم النفس، جامعة دمشق.

١٢. عبد السميع، بهجات محمد السير (٢٠٠٧). الاغتراب لدى المكفوفين، ظاهرة، و علاج، طبعة الاولى، دار الوفاء للنشر، مصر.

١٣. العروقي، اسمهان نبهان سليمان (٢٠١٥). الإغتراب النفسي وجودة الحياة لدى الأسرى المحررين المبعدين إلى قطاع غزة ضمن صفقة وفاء الاحرار، كلية التربية، الجامعة الإسلامية بغزة.

١٤. علوان، رشا (٢٠١٤). الاغتراب النفسي لدى طلبة الجامعة، مجلة كلية التربية الاساسية، جامعة بابل، العدد ١٧، ص ٣٨٩- ٤٠٤.

١٥. عيد، محمد إبراهيم (٢٠٠٥). مدخل إلى علم النفس الاجتماعي، طبعة الثانية، مكتبة الانجلو المصرية، مصر.

١٦. العيد، وليد، و خان، أحمد (٢٠١٧). الاغتراب النفسي والاجتماعي لدى الطفل اليتيم، جامعة حسيبة بن بو علي شلف،الجزائر، مجلة تطوير العلوم الاجتماعية، مجلد ١٠، عدد ٠١، ص ٣١٢- ٣٣٥.

١٧. المحمدي، عبدالقادر موسى (٢٠٠١). الاغتراب في تراث صوفية الاسلام، دراسهة المعاصرة، بيت الحكمة، بغداد.

١٨. محمود، شريف مهني عبدة (٢٠٠١). الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدى طلاب الثانوي العام والفني والصناعي، جامعة عين شمس، قسم الدراسات النفسية والاجتماعية.

١٩. مصطفى، يوسف حمه صالح (٢٠٠٢). الاغتراب النفسي وعلاقته بالاتجاهات نحو الهجرة لدى شباب الكورد، دراسة ميدانية في مدينة اربيل)، گۆڤاری زانكۆ، ژمارەی تايبەت بە کۆنگرەی زانستی لاوان، هەولێر.

٢٠. المولد، روضة بنت بلال بن عمر (٢٠٠٧). الإغتراب في حياة إبن دراج وشعره، جامعة أم القرى، كلية الآداب اللغة العربية.

٢١. نعيسة، رغداء (٢٠١٢). الاغتراب النفسي وعلاقته بالأمن النفسي، كلية التربية، جامعة دمشق.

٢٢. يوسف، أبو حميدان (٢٠١٤). الإغتراب النفسي لدى عينة من اللاجئين السوريين في الأردن وعلاقته ببعض المتغيرات الديموغرافية، الأردن.

دووەم: سەرچاوە كورديەكان

٢٣. پێنجوێنی، سەرکەوت (٢٠٠٠). تاسەی غوربەت لە شیعری نوێی کوردی تاراوگەدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٤٨.

٢٤. تەلعەت، ڕابەر (٢٠٠٦). گەنج و بەشداری سیاسی، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٢٥. عبدألله، جلال أحمد (٢٠١٠). ڕەهەندەکانی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەنجان، زانکۆی صەڵاحەدین، هەولێر.

٢٦. قادر، سەرکەوت سعدی (٢٠١١). نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەڵاح عمر دا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ١٣٦.

٢٧. معروف، کمال (٢٠٠٣). ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێ خوازی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی.

٢٨. موکریانی، هەژار (١٩٧٠). فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە (کوردی- فارسی)- تهران.

٢٩. نقشبندی، غیاث الدین (٢٠٠٢). نامۆیی، وەرگێڕانی د. محمد کمال، لە North East Print & Copy Center لە ئەدیلاید ئوسترالیا لە چاپدراوە.

٣٠. ئاغۆك، ئاری (٢٠٠٣). بزاڤی تەغریبی٢، چاپخانەی میدیا، هەولێر.

٣١. ئەحمەد، محمد ئەمین خدر، و سەرکەپکانی، ئیبراهیم محمد (٢٠٠٧). نابەشداری گەنج لەپرۆسەی سیاسي كوردستاندا، توێژینەوەیەکی تیۆری- مەیدانییە، بەهاوکاری دێسکی گەنجانی بەرنامەی کۆمەڵەی گەشە پێدانی خەڵك لە ڕێکخراوی (NPA) نەرویجی ئەنجامدراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.


پاشكۆكان

پاشكۆی ژمارە -١-

شێوەی یەکەمی هەردوو پێوەرە نامۆبوونی دەروونی و نامۆ بوونی سیاسی ڕوون دەکاتەوە

| ت | الفقـــــرات | موافق | موافق الى حد ما | غير موافق |
|---|---|---|---|---|
| ١. | اشعر بالعزلة حتى وان كنت بيت الناس | | | |
| ٢ | احس ان أفكاري تختلف عن أفكار كثير من الناس | | | |
| ٣ | لدي قدرة على التوافق مع متغيرات العصر الجديد | | | |
| ٤ | اشعر اني في واد والاخرون وفي واد اخر | | | |
| ٥ | اشعر بسعادة حقيقية في حياتي | | | |
| ٦ | اشعر ان المجتمع يقدر جهودي وتعبي حق قدرها | | | |
| ٧ | تهدد متطلبات العصر الجديد حياتي الشخصية | | | |
| ٨ | احس بعواطف جياشة نحو الخرين | | | |
| ٩ | اشعر بالاغتراب حتى عن ذاتي الشخصية | | | |
| ١٠ | يهتم كثير من الناس لمصالح الاخرين على حساب مصالحهم | | | |
| ١١ | اشعر ان كثير من حاجاتي النفسية غير مشبعة | | | |
| ١٢ | لدي قدرة على اداء مسؤولياتي الاجتماعية على افضل صورة | | | |
| ١٣ | يشعر الاخرون بأني مطمئنه في حياتي | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٤ | لم يوفر لي المجتمع الذي اعيش فيه الفرصة لتحقيق ذاتي | | | |
| ١٥ | اشعر بضعف قدرتي على تغيير الواقع الذي اعيش فيه | | | |
| ١٦ | احس بانتماء حقيقي الى الجماعة التي انتمي لها | | | |
| ١٧ | اشعر اني كائن ضعيف لاحولة ولا قوة | | | |
| ١٨ | تعتريني حالة من الانسحاب والحساسية من العديد من الناس | | | |
| ١٩ | يعينني المجتمع على تحقيق الكثير من اهدافي وطموحاتي في الحياة | | | |
| ٢٠ | اثابر في عملي حتى وان واجهت مصاعب فيه | | | |
| ٢١ | لا احب مشاركة الاخرين لافي افراحهم ولا في احزانهم | | | |
| ٢٢ | اشعر بمعنوياتي مرتفعة في العمل بميادين الحياة المختلفة | | | |
| ٢٣ | اشعر بتوتر بعلاقاتي مع الاخرين | | | |
| ٢٤ | لا ينتابني شعور باستصغار ذاتي | | | |
| ٢٥ | يصعب علي تكوين رؤية واضحة عن مستقبلي | | | |
| ٢٦ | تمتلكني ارادة قوية لمواجه مشكلات الحياة | | | |

پێوەری نامۆبوونی سیاسی

توێژەر/ جلال أحمد عبدألله

| ذ | برطةكان | زۆر لةطةَليدام | لةطةَليدام | لةطةَليدانيم | هيض لةطةَليدانيم |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هةست دةكةم طةنجانى هةرێمى كوردستان دةتوانن ئازادانة بيروراِى سياسييان دةربرِن | | | | |
| ٢ | هةستدةكةم رِقم لةكارى سياسية | | | | |
| ٣ | هةستدةكةم بةرثرسانى سياسى هةرێم ثابةندى ياساكانن | | | | |
| ٤ | هةستدةكةم كة طةنجان كةمتر لة جاران بايةخ بة ثرسة سياسييةكان دةدةن | | | | |
| ٥ | هةستدةكةم ياخيم لة دةسةلآتى سياسى هةرێم | | | | |
| ٦ | ئيَموابة طةنجان جطة لة ملكةض بوون بوَ واقع هيض ضارةيةكي تريان لةبةردةم نية | | | | |
| ٧ | هةستدةكةم بيريَكى سياسي رِوونم نيية | | | | |
| ٨ | متمانةم بة دةسةلآتدارانى سياسى هةرێم هةية | | | | |
| ٩ | هةستدةكةم كة تيَروانينم بوَ سياسةت و كارى سياسي جياوازة لة تيَروانينى كةسانى دةوروبةرم | | | | |
| ١٠ | ئيَم باشة طةنجان لة هةلَبذاردندا دةنط بة ئوَثوَزسيوَن بدةن | | | | |
| ١١ | ئيَموابة دةسةلآتى سياسى كةمتةرخةمة لة باشتركردنى رِةوشى ذيانى طةنجان | | | | |
| ١٢ | وا هةستدةكةم ئاراِستةى سياسى كوَمةلَطا بىَ ئامانجى ثيَوة ديارة | | | | |
| ١٣ | لةم ولآتةدا كاركردنى ساسيي تةنها بوَ بةرذةوةندى و وةديهيَنانى ئامانجة تايبةتيةكانة | | | | |
| ١٤ | لةوةتةى وةبيرم ديَت خانةوادةكةم ئاموَذكاريم دةكا دوور بم لة بةشدارى سياسيي | | | | |
| ١٥ | وايدةبينم لةرِيَطةى فشارةوة نةبيَت دةسةلآتى ساسيي هةرێم بة ثير داواكاريةكاني طةنجانةوة نايةت | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | وايدةبينم رێخراوةكانى كۆمةڵطاى مةدةنى هةرێمى كوردستان توانيويانة داكۆكى لة مافةكانى طةنجان بكةن | | | | |
| ١٧ | سياسةت شتێكى بێ واتايةو بايةخى ثێنادةم | | | | |
| ١٨ | هةستدةكةم طةنجان ڕۆڵيان لةسةرو بةندى ڕووداو بڕيارة سياسيةكانى هةرێمدا هةية | | | | |
| ١٩ | ئةندامى حزب و ڕێكخراوةكان بة ثةسند دةزانم | | | | |
| ٢٠ | ڕةوشى سياسيى ئێستاي هةرێمى كوردستانم بة دڵة | | | | |
| ٢١ | هةستدةكةم هيض خواست (طموح)ێكى سياسيم نيية | | | | |
| ٢٢ | هةستدةكةم كة ياسا بةسةر هةموو هاولآتياندا وةك يةك جێبةجێ دةكرێت | | | | |
| ٢٣ | وايدةبينم لة هةرێمى كوردستان سياسةت لة بةرذةوةندى كةمينةيةكى دةسةلآتدار داية | | | | |
| ٢٤ | طةشيبنم بةرامبةر بة داهاتووى سياسيى هةرێمى كوردستان | | | | |
| ٢٥ | ئةداو شێوازى كارى سياسى دةسةلآتدارانى هةرێمم ثێباشة | | | | |
| ٢٦ | ثێموابة كۆضكردن بۆ ولآتێكى ترباشترة نةك مانةوة لێرة | | | | |
| ٢٧ | ئةنجامدانى هةڵبذاردن هيض لة مةسةلةكة ناطورِێ | | | | |
| ٢٨ | هةست بة هاولآتيبوونى خۆم ناكةم لة هةرێمى كوردستان | | | | |
| ٢٩ | هةستدةكةم لة واتاى زۆربةى زاراوة سياسييةكان تێناطةم | | | | |
| ٣٠ | ثاڵێوراوان لة هةڵبذاردنةكاندا بةڵێن بة خةڵكى دةدةن و جێبةجێى ناكةن | | | | |
| ٣١ | طرنطى بة هةواڵ و زانيارية سياسييةكان دةدةم | | | | |
| ٣٢ | هةستدةكةم بةرذةوةندية طشتييةكان بوونةتة قوربانى ململانێ سياسييةكان | | | | |
| ٣٣ | هةستدةكةم دادطا دةتوانێت ثارێزطارى لة مافة سياسييةكانم بكات | | | | |
| ٣٤ | ثێموابة رِۆڵى دةسةلآتى سياسيي هةرێم لة هێنانةكايةوةى دادى كۆمةلآيةتى بۆ هاولآتيان لاوازة | | | | |

**پاشکۆی ژمارە -٢-**

**ناوی پسپۆرانی راستگۆی ڕواڵەتی**

| ژ | ناوی شارەزایان | پلەی زانستی | پسپۆر | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د.مراد رسولی ئازاد | پرۆفیسۆر | ڕێنمایی دەروونی | زانکۆی ڕاپەڕین |
| ٢ | د. هەژار قادر إبراهيم | مامۆستا | پێوانە و هەڵسەنگاندن | زانکۆی ڕاپەڕین |
| ٣ | م. فەرەیدون ملائی | مامۆستا | دەروونزانی فسیولوجی | زانکۆی ڕاپەڕین |
| ٤ | د. میراودەل أحمد کانبی | مامۆستا | دەروونزانی کەسایەتی | زانکۆی ڕاپەڕین |
| ٥ | م. پێشەوا بابکر برایم | مامۆستا | دەروونزانی پەروەردەیی | زانکۆی ڕاپەڕین |

**پاشکۆی ژمارە -٣-**

**وێنەی کۆتایی پێوەری نامۆبوونی دەروونی**

| ژ | برگە | ڕازیم | تاڕاددەیەك ڕازیم | ناڕازیم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەست بەتەنیایی دەکەم هەرچەند لەنێو خەڵکیشبم. | | | |
| ٢ | هەستەکەم بیرکردنەوەکانم لە بیرکردنەوەکانی زۆرێك لەخەڵکی جیاوازە. | | | |
| ٣ | توانای هاوسەنگی ڕاگرتنم هەیە لەگەڵ گۆڕاوەکانی سەردەمی نوێ. | | | |
| ٤ | هەستەکەم من لەجیهانێك وخەڵکیش لەجیهانێکی ترن. | | | |
| ٥ | هەست بەخۆشییەکی ڕاستەقینە دەکەم لەژیانم. | | | |
| ٦ | هەستەکەم کە کۆمەڵگە بایەخی تێکۆشان و ماندوو بوونەکانم دەزانن بەئەندازەی بایەخیان. | | | |
| ٧ | داواکاریەکانی سەردەمی نوێ هەڕەشەن بۆ سەرژیانی شەخسیم | | | |
| ٨ | هەست بە سۆزی بەلێشاوم دەکەم ڕوەو کەسانی چواردەورم. | | | |
| ٩ | هەست بەنامۆبوون دەکەم تەنانەت لەخودی خۆشم. | | | |
| ١٠ | زۆرێك لەخەڵکی بایەخ بەبەرژەوەندی چواردەوریان دەدەن لەسەرحسابی بەرژەوەندیەکانیان. | | | |
| ١١ | هەستەکەم زۆرێك لە پێداویستیە دەروونیەکانم تێرنەکراون. | | | |
| ١٢ | توانای ڕۆڵ گێڕانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیم هەیە بە باشترین شێوە. | | | |
| ١٣ | کەسانی چواردەورم هەستدەکەن کە من دڵنیاو ئارامم لە ژیانم. | | | |
| ١٤ | ئەو گۆمەڵگەیەی کەتیایدا دەژیم دەرفەتی بەدیهێنانی خودی بۆ دەستەبەر نەکردووم. | | | |
| ١٥ | هەست بە لاوازی تواناکانم دەکەم لەگۆڕینی ئەو واقعەی تیایدا دەژیم. | | | |
| ١٦ | هەست بە لایەنگری(انتما)ی ڕاستەقینە دەکەم  بۆ ئەو گروپەی کە لایەنگری دەکەم. | | | |
| ١٧ | هەستەکەم کەمن بوونەوەرێکی لاوازم هیچ هێز و توانایەکم نیە. | | | |
| ١٨ | دۆخێك لە پاشەکشێ و هەستیاری دامدەگرێت لە هەندێك خەڵك. | | | |
| ١٩ | کۆمەڵگە هاندەرە لە بەستهێنانی زۆرێك لە ئامانج و خۆش هیواییەکانم (طموحات) لەژیاندا. | | | |
| ٢٠ | لەکارەکەمدا تێدەکۆشم هاتاوەکو ئەگەرتیایدا ڕووبەڕووی زەحمەتیش ببمەوە. | | | |
| ٢١ | حەزم لە بەشداری خۆشی و ناخۆشیەکانی کەسانی تر نیە. | | | |
| ٢٢ | هەست بە مەعنەویاتی بەرزم دەکەم لەکارکردندا لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا. | | | |
| ٢٣ | هەست بە پەشۆکان دەکەم لە پەیووەندیم لەگەڵ دەوروبەرمدا. | | | |
| ٢٤ | هەستی بچووکبوونەوەی خود دامناگرێت. | | | |
| ٢٥ | بنیاتنانی دیدگایەکی ڕوون بۆ پاشەڕۆژم گرانە. | | | |
| ٢٦ | ویستێکی بەهێز دامدەگرێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گرفتەکانی ژیان. | | | |

**ملخص باللغة العربية:**

هذا البحث بصورة عامة (الإغتراب النفسي- السياسي لدى الشباب) محاولة علمية ميدانية، يهدف إلى إظهار شعور الشباب بالإغتراب في مستويين ( النفسي و السياسي)، و لهذا فإن الهدف من هذا البحث هي محاولة معريفة الإغتراب النفسي- السياسي لدى شباب مدينة (قلعةدزة)، و كذلك معرفة الإغتراب النفسي- السياسي لدى شباب بحسب المتغير الجنس (الذكر، الأنثى). وعينة البحث تكونة من (٤٧٠) شاب من كلا الجنسين، (٢٨٩) منهن الذكر و (١٨١) من الأنثى. استخدمت الباحثة مقياس (علوان:٢٠١٤) لقياس الإغتراب النفسي، و مقياس (عبدالله:٢٠١٠) لقياس الإغتراب السياسي. و إستخدمت الباحثة الخاصية السيكومترية لكلا المقياسين، حيث تحقق الصدق الظاهري واستخرج الثبات بطريقة الفا كرونباخ، حيث كانت الاغتراب النفسي (٠،٨٤)، و الاغتراب السياسي (٠،٩٦)، وقد أظهرت نتائج الدراسة أن الاغتراب النفسي- السياسي عند شباب قلعةدزة كانتا في مستوى عال جداً، وأن الاغتراب النفسي- والسياسي بحسب المتغير الجنس، عند الانثى أكثر منه عند الذكر من كلتا المتغيرين.

**مفتاح الكلمات: الإغتراب النفسي، الإغتراب السياسي، الشباب.**

**Research Summary:**

**This research in general (psychological-political alienation among youth) is a field scientific attempt, which aims to show young people's feeling of alienation at two levels (psychological and political). Therefore, the aim of this research is to try to define the psychological-political alienation among the youth of the city (Qala'a Daze), as well as to know the psychological-political alienation among young people according to the gender variable (male, female). The research sample consisted of (470) young men of both sexes, (289) of whom were male and (181) female. The researcher used the scale (Alwan: 2014) to measure psychological alienation, and the scale (Abdullah: 2010) to measure political alienation. The researcher used the psychometric property for both scales, where the apparent validity was achieved and stability was extracted by the Cronbach's alpha method, where the psychological alienation was (0.84), and the political alienation was (0.96), The results of the study showed the Psychological alienation- political alienation among the youth of Qala'a Daze was at a very high level, and Psychological alienation- Political alienation according to the variable sex, in the female more than in the male.**

**Then the researcher analyzed and interpreted the results scientifically and according to the research community.**

**Key Word: Psychological alienation, political alienation, youth**